ba8.org

وكالة الشؤون التوجيهية والإرشادية
الإدارة العامة للشؤون التوجيهية والإرشادية بالمسجد الحرام

# تویشووی ڕۆژووەوان

## و پرسە فیقهیە نوێیەکانی

# زَادُ الصَّائِمِ

## وَنَوَازِلُهُ الْفِقْهِيَّة

تَأْلِيفُ
فَهْدُ بْنُ يَحْيَى الْعَمَّارِيّ
الْقَاضِي بِمَحْكَمَةِ الِاسْتِئْنَافِ بِمَكَّةَ الْمُكَرَّمَة

دار الأوراق
للنشر والتوزيع



بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

یەکێک لە گەورەترین بەخششەکانی خودای میهرەبان بۆ مرۆڤایەتی، پاش ناردنی پێغەمبەران، بوونی **زانایانە**. ئەوانەی میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەرانن؛ وەک ئەستێرەی گەش لە شەوێکی تاریکدا ڕێگەی هەقمان نیشان دەدەن و دڵەکانمان بەرەو ڕووناکی ڕێنوێنی دەکەن. ئەوان لە لایەک دڵسۆزی بانگەوازەکەی خودان و لە لایەکی تریشەوە خەڵکی وەک پشتیوانی ڕاستی و دادپەروەری دەیانناسن.

ئەوەی لەم سەردەمەدا دڵمان خۆش دەکات و ئومێد دەخاتە ناو دەروونمان – سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە چەوتانەی بۆ تێکدانی ڕەوشت و باوەڕی خەڵک دەدرێن – بینینی ئەو تینوێتی و پەرۆشییەی خەڵکییە بۆ ئایینەکەیان. جێگەی شانازییە کە دەبینین خەڵک بەو

پەڕی دڵسۆزییەوە بەرەو خواپەرستی و فێربوونی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) هەنگاو دەنێن، تەنها بەو ئومێدەی بگەن بە ڕەزامەندی پەروەردگار و بەهەشتە بەرینەکەی.

ئەم ڕێگەیە تەنها بە گەڕانەوە بۆ لای **زانایانی ڕاستگۆ و دامەزراو** دەبێت؛ ئەو زانایانەی لە سەرچاوەیەکی پاک و بێگەردەوە زانستەکەیان هەڵێنجاوە. لەم سەردەمەدا کە دەنگەدەنگ و جیاوازی زۆر بووە، زۆر کەس بە ناوی زانستەوە قسە دەکەن کەچی زانست لێیان بەرییە! هەندێکیان نەزانن، هەندێکیان سەرگەردانن، یان تەنها بە فەلسەفە و عەقڵی کورتی خۆیان دەیانەوێت دەقە ئایینییەکان ڕەت بکەنەوە.

خەڵکی هەمیشە لە خێر و خۆشیدا دەمێننەوە مادام زانست لە کەسانی گەورە و دەستپاک وەربگرن،

ئەگەر نا، ڕووبەڕووی سەرلێشێوان دەبنەوە. چونکە حەقیقەت ڕوونە و نووری پێوەیە، بەڵام باتڵ تاریکییەکی چڕە و مرۆڤ تێیدا ون دەبێت.[1]

## شوێنکەوتنی دنیا و فەرامۆشکردنی قیامەت

خوشک و برایانی باوەڕدار..

ئەگەر بە وردی سەیری حاڵی زۆربەی خەڵکی بکەین، دەبینین چۆن بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتەکانی ئەم

---

[1] ئەمڕۆ زۆرێک لە خەڵکی ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان (زانایەکی گەورە) لەگەڵ فەقێیەک، بانگخوازێک، وتارخوێنێک، یان تەنانەت پێشکەشکارێکی بەرنامە ئایینییەکان و نووسەرێکی ئیسلامی. نابێت هەموو ئەمانە بخەینە یەک ئاست و لە پرسیارە وردەکانی شەریعەت و فەتوا و سەرکردایەتیکردنی ئوممەتدا وەک یەک سەیریان بکەین. هەر کەسە و پلە و پایەی خۆی هەیە و زانای پایەبەرزیش لێهاتوویی و قورسایی خۆی هەیە.

دنیایە پێشبڕکێیانە و کەوتوونەتە ململانێیەکی بێوچان. هەموو توانا و هێز و فێڵ و تکایەک بەکار دەهێنن تا تەنها بستێک لەم دنیایە زیاتر بۆ خۆیان ببەن. سەیرەکە لەوەدایە، ئەگەر کەسێک هەبێت خۆی لەم دنیایە بەدوور بگرێت و زێدەکاری نەکات، لۆمەی دەکەن و بە گەمژە و شێت و بێئاگا ناوی دەبەن!

خەڵکی ئێستا شارەزان لەوەی ڕێگەکانی دەوڵەمەندبوون نیشانی یەکتر بدەن؛ خول و ڕاهێنان دەکەنەوە بۆ ئەوەی چۆن سوود لە دەرفەتەکان وەربگرن و پڕۆژەی گەورەی بازرگانی لەم دنیایەدا بنیاد بنێن. بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدایە: **ئایا تا ئێستا بەم جدییەتە بیرمان لە پڕۆژەکانی قیامەت کردووەتەوە؟** ئایا وەک چۆن بۆ بازرگانییەکی دونیا لێکۆڵینەوەی ورد دەکەین، ئاوهاش بۆ قیامەتمان ئامادەین و بەرنامەمان هەیە؟

ئایا باوکێک هەیە بەو جۆرەی بۆ لەدەستچوونی هەلی کار یان پارە سەرکۆنەی منداڵەکانی دەکات، بۆ لەدەستچوونی هەلەکانی چاکە و قیامەت لۆمەیان بکات؟ ئایا هاوڕێ هەیە هاوڕێکەی بە خەبەر بهێنێتەوە؟ ئایا دەبینین لە ڕاگەیاندنەکان و نامەی مۆبایلەکان و خولەکاندا، بەو گەرموگوڕییەی بۆ دنیا هەوڵ دەدرێت، بۆ قیامەتیش ئاوها خەڵک هان بدرێت؟

### وەک شاعیر دەڵێت:

تراه يشفق من تضييع درهمه  وليس يشفق من دين يضيعه

"دەبینیت مرۆڤ بۆ لەدەستدانی درهەمێک جەرگی دەسووتێت و خەم دەخوات، کەچی بۆ ئایینەکەی کە خەریکە لەدەستی دەچێت، خەمێکی نییە و بێباکە"!

## گەورەترین پڕۆژەی تەمەن

### برایانی بەڕێزم..

گەورەترین پڕۆژە کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت و تا دوا هەناسەی تەمەن لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، بریتییە لەو **"پڕۆژە مەزنەی لەگەڵ خودا هەیەتی"** .ئیمانداری ڕاستەقینە هەمیشە و لە هەموو کات و ساتێکدا خەمی ئەم پڕۆژەیەی لەکۆڵە؛ لە هەستان و دانیشتنیدا، لە سەفەر و لە نیشتەجێبوونیدا، دڵەخورپەیەتی و لە نێوان ترسی خودا و ئومێد بە ڕەحمەتی ئەودا دەژی.

هەمیشە دەستی لەسەر دڵیەتی و کاتێک هەست بە کەمکردنێک لە ئایینەکەیدا دەکات، خەمی لێ دەنیشێت. بەردەوام خەریکی نوێکردنەوە و چاککردنی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ پەروەردگاریدا هەیەتی. زۆر بیر لەو سەفەرە دوورە و سەرەنجامی کارەکانی دەکاتەوە: ئایا لە کۆتاییدا پڕۆژەکەی قازانج دەکات یان دەدۆڕێت؟

زمانەکەی شەو و ڕۆژ لە پاڕانەوە ناوەستێت کە خودا سەرکەوتووی بکات و لە ڕیزی ڕزگاربوواندا بێت. هەندێک شەو لەبەر ترسی ئەو سەرەنجامە خەو ناچێتە چاوانی، و هەندێک ڕۆژیش خۆی لە خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە، تەنها لەپێناو ئەوەی لەو پرۆژە گەورەیەدا سەرکەوتنی ئەبەدی بەدەست بهێنێت.

ئا ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەوانەی تەنها بۆ دنیا هەوڵ دەدەن و ئەو ئیماندارە سەرکەوتووانەی کە هەموو سەرمایەی خۆیان بۆ قیامەت داناوە.

**وەک دەڵێن:** "ئەگەر دنیا تەنها ئایینەکەی بۆ مرۆڤ هێشتەوە، ئەوە دڵنیابە هەرچییەکی تری لەدەست چووبێت، زیانی نەکردووە".

## وەبەرهێنەرانی ڕێگەی حەق..

دوای چەند ڕۆژێکی تر، پرۆژەیەکی تری قیامەت و بازرگانییەکی تری بێ‌زیان لەگەڵ خودای مەزن ڕوومان تێدەکات. هەر ئیماندارێکی ڕاستگۆ و خاوەن

دڵێکی پاک، لە ئێستاوە چاوەڕێیە تا تامی شیرینی ئەو میواندارییە بچێژێت.

ئەویش **مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە**؛ مانگی ڕۆژوگرتن و شەونخوونی، مانگی خێر و بێری و پەرستش. ئەو مانگەی کە تێیدا فرمێسکی پەشیمانی دەڕژرێت و گوناهەکان دەشۆردرێنەوە. مانگێکە پاداشتەکان تێیدا چەندبارە دەبنەوە، مانگی ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ و گەیشتن بە بەهەشت و لە سەرووە هەمووشیانەوە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای میهرەبان.

ئەمە مانگی پەروەردەکردنی دەروون و کۆچکردنی دڵەکانە بەرەو لای پەروەردگار؛ مانگی پێشبڕکێ و دەستپێشخەرییە لە کاری چاکەدا. مانگی خۆڕاگری و تێکۆشانە. مانگی عەبدە ساڵح و دڵسۆزەکانە. ئای کە چەند مانگێکی جوان و مەزن و پیرۆزە!

## ڕەمەزان؛ وێستگەی خۆناسین و پاکبوونەوە

ئەم مانگە، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی مرۆڤ تواناکانی خۆی بناسێت و ڕۆح و دڵی لە پەڵەی گوناهـ پاک بکاتەوە و بە ئەخلاقی بەرز بیڕازێنێتەوە؛ هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا و بەرزبوونەوە لە پلەکانی بەهەشت و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ.

بەڕاستی جێگەی سەر سوڕمانە، مرۆڤ چۆن دڵە ڕەق و بێئاگا و دوورەکان دەبینێت کە لەم مانگە پیرۆزەدا، سەرەڕای بینینی ئەو هەموو خەڵکە ملکەچ و هاتووەی ڕوویان لەماڵی خودایە، کەچی هێشتا دڵیان ناجوڵێت و بەرەو لای پەروەردگاریان هەنگاو نانێن! لە کاتێکدا هەموو هۆکارەکان بۆ گەڕانەوە و چاکبوون ئامادەن. وەرن با ڕوو بکەینە خودا و کتێبەکەی، با تێبکۆشین بۆ بەدیهێنانی تەقوای ڕاستەقینە و

تەوبەیەکی بێگەرد، با لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆمان بکەین تا لە ڕیزی سەرکەوتوواندا بین.

## دەربارەی ئەم کتێبە (توێشووی ڕۆژووەوان)

لە سۆنگەی ئەو بنەما پیرۆزەی کە دەفەرموێت : **"هاوکاری یەکتر بن لەسەر چاکە و پارێزگاری"،** و بەپێی مافی برایەتی و خۆشەویستی و بڵاوکردنەوەی زانست، ئەم کتێبەم نووسیوە کە ناوم ناوە **(زاد الصائم - توێشووی ڕۆژووەوان).**

ئەم کتێبە زیاتر لە دووسەد مەسەلەی فیقهی لەخۆدەگرێت؛ هەوڵم داوە قەبارەکەی بچووک بێت تا هەڵگرتنی ئاسان و تێگەیشتنی سادە بێت، بۆ ئەوەی هەر ڕۆژووەوانێک بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکانی تێدا بدۆزێتەوە. بابەتەکانم لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و شەرحەکان و وتەی هاوەڵان و پەیڕەوانی چوار

مەزهەبەکە (ئەبو حەنیفە، مالیک، شافیعی و ئەحمەد) و زانایانی تری ئیسلام وەرگرتووە.[1] هەمیشە هەوڵم

---

[1] لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، زاراوەی "جمهور الفقهاء"ت دێتە پێش چاو. وەک دەشزانیت مەزهەبە فیقهییە باوەڕپێکراوەکان چوارن، ئەوانیش: (ئەبو حەنیفە، مالیک، شافعی و ئەحمەد – ڕەحمەتی خوایان لێ بێ). بێگومان ئاگاداری ئەو جیاوازییانەیت کە لە پرسە لاوەکییەکاندا لە نێوان خۆیان و شوێنکەوتووانیاندا هەیە.بۆ ئەوەی لە زاراوەکان تێبگەیت:

- **جمهور:** ئەگەر دوو یان سێ ئیمام لەسەر پرسێک ڕێککەوتبوون لە بەرانبەر یەک ئیمامدا، ئەوا پێیان دەوترێت "جمهور".
- **جمع من الفقهاء :** مەبەست لێی یەک مەزهەب یان دوو مەزهەبە لە بەرانبەر دوو مەزهەبەکەی تریدا.
- **طائفة من الفقهاء :** مەبەست لێی ئەو ڕایانەیە کە لە دەرەوەی چوار مەزهەبەکەن، یان ڕای هەندێک لە زانایانی ناوخۆی مەزهەبەکانن.

**پەیامێکی گرنگ:** پێویستە سنگمان فراوان بێت بۆ جیاوازییەکان و ئادابی ڕا جیاوازیی بپارێزین. نابێت شوێنکەوتنی مەزهەبەکان ببێتە هۆی تەعەصوب و دەمارگیری و دووبەرەکی و ڕق وکینە لە نێوان موسڵماناندا. ئیمامەکان بۆ ئەوە ڕای خۆیان نەوتووە تا خەڵکی تەنها دەمارگیری بۆ ئەوان بکەن و بەڵگەکان پشتگوێ بخەن، بەڵکو فەرموویانە: **«ئەگەر فەرموودەکە ڕاست بوو، ئەوە وەری بگرن و واز لە قسەی من بهێنن».**

داوە ئەو ڕایە هەڵبژێرم کە لەگەڵ بەڵگەکاندا گونجاوترە. نزای من ئەوەیە ئەم کارە ببێتە تویێشوویەکی خێر بۆ ڕۆژی قیامەت و خودا لە هەڵە و لادان بمانپارێزێت و ئەم کارە بە عەمەلێکی ساڵح بۆ خۆم و دایک و باوک و ماڵ و خێزانم بنووسێت.

## سڵاوێک لە مەککەوە

ئەی ڕۆژووەوانانی هەموو سووچێکی ئەم جیهانە، جوانترین سڵاوتان لێ بێت لە مەککەی پیرۆزەوە؛ لەو شارەی کە لانکەی ئیسلام و قورئان و شوێنی لەدایکبوونی پێغەمبەرە (ﷺ). سڵاو کلیلی دڵەکانە، و منیش ئەم کتێبەتان وەک دیارییەک پێشکەش دەکەم، چونکە دیاری ڕێگەی دڵەکانە. چەند شیرینە کە پەیوەندیمان لەسەر بنەمای زانست و زیکر و کتێب بێت؛ چونکە هیچ دیارییەک نییە مرۆڤ پێشکەشی برایەکی بکات، باشتر بێت لە وتەیەکی پڕ لە حیکمەت کە هیدایەت و چاکەی بۆ زیاد بکات.

# یەکەم

## مەرج و واجبەکانی ڕۆژوو

## و حوکمی ئەوانەی بەڕۆژوو نابن

## ١- ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەر کێ واجبە؟

ڕۆژوو ڕەمەزان واجبە لەسەر هەموو کەسێک کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت: (مسوڵمان بێت، باڵغ بووبێت، عاقڵ بێت، توانای جەستەیی هەبێت، موقیم بێت واتە لە سەفەردا نەبێت، هەروەها بێبەری بێت لە ڕێگرە شەرعییەکان وەک خوێنی بێنوێژی و زەیستانی).

## ٢- حوکمی ئەو کەسەی ڕۆژوو ناگرێت:

هەر کەسێک لەبەر نکۆڵیکردن و باوەڕنەبوون بە واجبێتی ڕۆژوو نەیگرێت، ئەوە بێباوەڕ (کافر) دەبێت؛ چونکە ڕوکنێکی بنەڕەتی ئیسلامی ڕەت کردووەتەوە. بەڵام ئەوەی لەبەر تەمەڵی و سستی نەیگرێت، تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوە و لەسەر مەترسییەکی گەورەیە.

**٣- موسوڵمانبوونی کافر و باڵغبوونی منداڵ لە ناوەڕاستی مانگدا:** ئەگەر کەسێکی بێباوەڕ لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزاندا بوو بە موسوڵمان، یان منداڵێک لەو ماوەیەدا گەیشتە تەمەنی باڵغبوون، ئەوا ڕۆژووی ڕۆژەکانی داهاتوویان لەسەر واجب دەبێت، بەڵام پێویست ناکات ڕۆژەکانی پێشوو قەزا بکەنەوە.

**٤- ئەگەر لە کاتی ڕۆژدا (نیوەڕۆ) بوو بە موسوڵمان یان باڵغ بوو:** لەو کاتەوەی دەبێتە موسوڵمان یان باڵغ دەبێت، پێویستە تا کاتی بانگی شێوان (مەغریب) خۆی لە خواردن و خواردنەوە بگرێتەوە، بەڵام قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژەی لەسەر نییە؛ چونکە مەرجی تەکلیف و واجببوون تازە تێیدا هاتۆتە دی.

**٥- ڕۆژووی ڕۆژی گومان (یوم الشك):** دروست نییە یەک دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان بە مەبەستی

پێشوازی یان ئیحتیات ڕۆژوو بگیردرێت، مەگەر کەسێک خووی پێوە گرتبێت (وەک ڕۆژووی دووشەممە و پێنجشەممە یان قەزای لەسەر بێت). پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: کەستان پێش ڕەمەزان مەکەون بە ڕۆژووی ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ، مەگەر کەسێک پێشتر خووی بە ڕۆژوویەکەوە گرتبێت، با ئەو ڕۆژە بگرێت.[1]

**٦- بینینی مانگ و یەکڕیزی مسوڵمانان:** هەر وڵاتێک پەیڕەوی بینینی مانگی خۆی دەکات بۆ دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگی ڕەمەزان. ئەگەر بینینی تایبەت بە خۆیان نەبوو، شوێن نزیکترین وڵاتی ئیسلامی دەکەون.

---

[1] أخرجه البخاري (١٩١٤) ومسلم (١٠٨٢).

- **خاڵێکی زۆر گرنگ:** پێویستە مسوڵمانانی یەک وڵات لەسەر ئەم پرسە نەبنە دوو بەرە و جیاوازی نەکەوێتە نێوانیان. یەکڕیزی لە دەستپێکی ڕۆژوو و جەژندا یەکێکە لە مەبەستە گەورەکانی شەریعەت. تەنانەت ئەگەر ڕایەک هەبێت لە ڕووی زانستییەوە لاوازیش بێت بەڵام ببێتە هۆی یەکڕیزی و ڕێگری لە دووبەرەکی، ئەوا لەو ڕا بەهێزە باشترە کە دەبێتە هۆی جیاوازی.

- **بڕیاری دەسەڵاتدار یان لایەنی شەرعی:** لەم بابەتەدا، هەر بڕیارێک لەلایەن دادگای شەرعی یان لیژنە فەرمییەکانەوە بدرێت، ناکۆکییەکان کۆتایی پێدەهێنێت.

- **لە وڵاتانی نامسوڵماندا:** ئەگەر لیژنەیەکی جێگەی بڕوا و شارەزا هەبوو بۆ بینینی مانگ، پێویستە مسوڵمانان شوێنیان بکەون.

- **سەبارەت بە ئەژماری فەلەکی :** ئەگەر لایەنە فەرمییەکان یان ناوەندە ئیسلامییە باوەڕپێکراوەکان پشتیان بە ئەژماری فەلەکی بەست، باشتر وایە لەگەڵیان بین بۆ پاراستنی یەکڕیزی، بەتایبەت کە زانستی فەلەکناسی زۆر پێشکەوتووە. شەریعەت ڕێگە نادات لە یەک ماڵ و یەک مزگەوت و یەک شاردا، هەندێک بە ڕۆژوو بن و هەندێک جەژن بکەن؛ ئەمە سیمایەکی ناشیرینە و لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا ناگونجێت. ئەگەر کەسێکیش پێی وابوو ڕۆژووەکەی بەو شێوەیە ناتەواوە، با لەگەڵ خەڵک جەژن بکات و دواتر ڕۆژێک قەزا بکاتەوە، نەک یەکڕیزی تێک بدات.

**٧- نییەت هێنان لە شەودا:** بۆ ڕۆژووی فەرز (ڕەمەزان)، پێویستە پێش بانگی بەیانی نییەت هەبێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (من لم يُبيِّتِ الصيامَ قبل طلوعِ الفجرِ فلا صيامَ له)[1] واتە: هەر کەسێک پێش فەجر نییەتی ڕۆژووی نەبێت، ڕۆژووەکەی بۆ حیساب ناکرێت.

- **ئایا یەک نییەت بۆ هەموو مانگەکە بەسە؟** ڕای پەسەند ئەوەیە کە یەک نییەت لە سەرەتای مانگدا بۆ هەموو ڕەمەزان بەسە، مەگەر بەهۆی گەشت یان نەخۆشییەوە ڕۆژووەکەت پچڕابێت؛ لەو کاتەدا کە دەستت پێ کردەوە، دەبێت نییەتەکە نوێ بکەیتەوە. (هەندێک لە زانایان دەڵێن هەموو شەوێک نییەت مەرجە،

[1] أخرجه النسائي (٢٣٣١) وصححه مرفوعًا البيهقي والدارقطني والخطابي وعبد الحق وابن الجوزي وموقوفًا الترمذي وأبوحاتم.

بەڵام ڕای یەکەم نزیکترە چونکە هەر موسوڵمانێک لە سەرەتای مانگەوە بڕیاری داوە هەموو مانگەکە بگرێت).

**٨- پیرۆزبایی مانگی ڕەمەزان:** پیرۆزبایی کردن بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە کارێکی دروستە و دەچێتە خانەی نەریتە جوانەکان و دوعای خێری تێدایە بۆ یەکتر.

**٩- دیاریکردنی جۆری ڕۆژوو (تعيين النية):** لە ڕۆژووە واجبەکاندا، دەبێت لە دڵتدا دیاری بکەیت کە ئەمە چ ڕۆژوویەکە (بۆ نموونە: ئایا ڕەمەزانە، یان کەفارەتە، یان نەزرە)؛ چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إنما الأعمال بالنيات) کردەوەکان بەگوێرەی نییەتەکانە.

**١٠- نییەت لە ڕۆژووە سوننەتە دیاریکراوەکان:** پێویستە نییەت هەبێت بۆ ئەو ڕۆژووە سوننەتانەی

کاتیان دیاریکراوە، وەک ڕۆژووی (عەرەفە، عاشوورا، یان شەشەڵان).

**١١- شوێنی نییەت کوێ یە؟** شوێنی نییەت **دڵە**؛ پێویست ناکات و مەرجیش نییە بە زمان بوترێت (بۆ نموونە بوترێت: نییەتم هەیە بەیانی بەڕۆژووم...)، چونکە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانیدا شتی وا نەهاتووە.

**١٢- ڕۆژووی سوننەتی ڕەها (التطوع المطلق):** پێویست نییە نیەت (لە شەودا) بهێنرێت بۆ ڕۆژووی سوننەتی ڕەها، وەک گرتنی سێ ڕۆژی هەموو مانگێک.

**١٣- حوکمی ئافرەتی حەیزدار:** ئەگەر ئافرەتێک گومانی هەبوو کە ئایا تا بەیانی پاک دەبێتەوە یان نا، نابێت بڵێت "ئەگەر پاک بوومەوە ئەوە ڕۆژوو دەگرم"، چونکە نییەتەکە نابێ دوودڵی تیدا بێت. دروستر ئەوەیە

**نییەتی ڕۆژوو بهێنێت**؛ ئەگەر بەیانی پاک بووەوە، ئەوا بەردەوام دەبێت، ئەگەر پاک نەبووەوە، ئەوا ڕۆژووەکەی دەشکێنێت.

**١٤- کاتی نییەت لە ڕۆژووی سوننەتدا:** لە ڕۆژووی سوننەتدا (نەک فەرز)، دروستە تەنانەت لە ناو ڕۆژیشدا نییەت بهێنێت ئەگەر تا ئەو کاتە هیچت نەخواردبێت. ڕۆژێک پێغەمبەر ﷺ چووە ماڵەوە و پرسی: ئایا هیچتان لایە بۆ خواردن؟ وتیان: نەخێر. فەرمووی: (فإني إذاً صائم) کەواتە من ئێستا بە ڕۆژووم.[1]

**١٥- پاداشتی ڕۆژووی سوننەت:** ئەو کەسەی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا نییەتی ڕۆژووی سوننەت دەهێنێت، پاداشتەکەی لەو کاتەوە بۆ حیساب دەکرێت کە نییەتەکەی هێناوە.

---

[1] أخرجه مسلم (١١٥٤)

## ١٦- پارشێوكردن خۆی بۆ خۆی نییەتە:

هەمان ئەو خواردنەی کە مرۆڤ لە کاتی پارشێو یان تەنانەت وەک شێو دەیخوات بە مەبەستی بەهێزبوونی بۆ ڕۆژوو، خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی نییەت، چونکە مرۆڤ بۆیە پارشێو دەکات تا سبەی بە ڕۆژوو بێت. هەموو کاتەکانی شەویش کاتن بۆ هێنانی نییەت.

## ١٧- ئەو کەسەی ڕۆژووگرتن لەسەری گرانە:

هەر کەسێک ڕۆژووگرتنی لەسەر گران بێت بە شێوەیەکی نائاسایی، ئەوا بۆی دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێت (یان نەیگرێت)، ئەمەش مەزهەبی جمهوری زانایانە..

## ١٨- کەی ڕۆژووشکاندن واجب دەبێت؟

ئەگەر پزیشک بڕیاری دا کە ڕۆژووگرتن زیانی گەورە بە نەخۆشەکە دەگەیەنێت یان دەبێتە هۆی دواکەوتنی چاکبوونەوەی، ئەوا لێرەدا ڕۆژووشکاندنی لەسەر **واجبە**؛ چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ..﴾ (البقرة : ١٩٥)

واتە: (خۆتان بە دەستی خۆتان مەخەنە ناو تیاچوونەوە).

## ١٩- بڕیاری پزیشک:

بۆ بڕیاردان لەسەر گونجان یان نەگونجانی ڕۆژوو، قسەی یەک پزیشکی شارەزا بەسە، بەڵام ئەگەر دوو پزیشک بن باشتر و دڵنیاترە.

## ٢٠- مەرجەکانی پزیشک:

باشتر وایە پزیشکەکە مسوڵمان، دەستپاک و شارەزا بێت. ئەگەر پزیشکی مسوڵمان دەست نەکەوت، پێویستە لانی کەم ئەو پزیشکەی بڕیارەکە دەدات لە کارەکەیدا شارەزا و لە وتەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

## ٢١- چاکبوونەوە لە ناوەڕاستی ڕۆژدا:

ئەگەر نەخۆشێک ڕۆژووی گرت، و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا هەستی کرد نەخۆشییەکەی سوک بووە و چاک بووەتەوە بە جۆرێک چیتر ڕۆژوو لێی گران نییە، بۆی نییە ڕۆژووەکەی بشکێنێت، چونکە ئەو عوزرەی هەیبوو نەماوە.

## ٢٢- حوکمی کەسی بێهۆش (الإغماء):

کەسی بێهۆش دوو باری هەیە:

- أ- ئەگەر لە بەشێکی ڕۆژدا (تەنانەت کەمێکیش بێت) هۆشی هاتەوە، ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە لە کاتی عیبادەتەکەدا ئاگای لە خۆی بووە.

- ب- ئەگەر پێش بانگی بەیانی بێهۆش بوو و تا بانگی مەغریب هۆشی نەهاتەوە، ڕۆژووەکەی دروست نییە (تەنانەت ئەگەر نییەتیشی هێنابێت)؛ چونکە ئەقڵ کە بنەمای تەکلیفە لە هەموو کاتی ڕۆژووەکەدا ئامادە نەبووە. (ئەم حوکمە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت و بە تەواوی بێهۆش دەکرێن).

## ٢٣- بێهۆشی بۆ ماوەیەکی درێژ:

ئەگەر کەسێک هەموو مانگی ڕەمەزان بێهۆش بوو و دوای ڕەمەزان هۆشی هاتەوە، پێویستە قەزای هەموو

ڕۆژەکان بکاتەوە؛ چونکە بێهۆشی جۆرێکە لە نەخۆشی و کاتێک عوزرەکە نەما، قەزاکردنەوەکە دەبێتە واجب.

## ٢٤- بێهۆشبوونی پەککەوتە:

ئەو کەسەی کە بەهۆی پیری یان نەخۆشییەک کە ئومێدی چاکبوونەوەی لێ ناکرێ و فیدیەی بۆ دەدرێت، ئەگەر بێهۆش بوو، چاوەڕێ دەکرێت؛ ئەگەر هۆشی هاتەوە فیدیەکەی بۆ دەدرێت، ئەگەر هەر بەو بێهۆشییە کۆچی دوایی کرد، هیچ قەزا و فیدیەیەکی لەسەر نییە.

**٢٥- فیدیەی پەککەوتە و نەخۆشێك كە ئومێدی چاکبوونەوەی لێ ناکرێ:** ئەو کەسە بەتەمەنەی توانای ڕۆژووی نییە، یان ئەو نەخۆشەی هیوای چاکبوونەوەی لێ ناکرێت و ناتوانێت قەزاش بکاتەوە، دەبێت بۆ هەر ڕۆژێک ژەمە خواردنێکی تێر بۆ هەژارێک دابین بکات (خواردنەکە کوڵاو بێت یان وشکە

بێت). ڕای پەسەند ئەوەیە کە بڕەکەی دیاریکراو نییە و دەگەڕێتەوە بۆ عورف و دابونەریتی خەڵک (ئەوەی پێی بوترێت ژەمێک).

- **خاڵێکی گرنگ:** پێویستە **خواردن** بێت نەک پارە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایان و هاوەڵانی وەک (عومەر، عەلی، ئیبن عومەر و ئیبن عەباسی) لەسەرە.

- **تێبینی:** دروست نییە فیدیەی ڕۆژوو بۆ پڕۆژەکانی "بەربانگی بەکۆمەڵ" لە مزگەوتەکان خەرج بکرێت ئەگەر کەسانی دەوڵەمەندیان تێدابێت؛ چونکە فیدیە تەنها بۆ هەژار و نەدارانە.

**٢٦- فیدیە بە کێ دەدرێت؟** فیدیە تەنها بە هەژار و دەستکورت دەدرێت. بۆ کەسانی تر لە جۆرەکانی زەکات (وەک قەرزدار یان ڕێبوار) نادرێت، هەروەها

نادرێت بەو کەسانەی کە نەفەقەیان لەسەر خودی کەسەکەیە وەک (دایک و باوک و منداڵ).

**٢٧- گەشتکردنی پەککەوتە:** ئەگەر کەسێکی پەککەوتە (کە توانای ڕۆژووی نییە) سەفەر بکات، فیدیەکەی لەسەر لا ناچێت و هەر دەبێت بیدات.

**٢٨- کاتی دەرکردنی فیدیە:**

- دروست نییە فیدیە **پێش** دەستپێکردنی مانگی ڕەمەزان بدرێت.
- هەروەها دروست نییە لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزاندا فیدیەی هەموو مانگەکە بەیەکجار بدرێت، چونکە هێشتا کاتەکەی نەهاتووە (پێشخستنی کەفارەتە پێش هۆکارەکەی).
- دروستر و باشتر ئەوەیە: یان هەر ڕۆژە و لە هەمان ڕۆژدا بیدەیت، یان دوای تێپەڕبوونی ڕۆژەکان.

**٢٩- شێوازی دابەشکردن:** ئاساییە ئەگەر فیدیەی هەر ڕۆژێک لە ڕۆژەکەیدا بدەیت، یان هەر دە ڕۆژ جارێک کۆی بکەیتەوە، یان لە کۆتایی مانگدا هەمووی بەیەکجار بدەیت.

**٣٠- فیدیەدان بە یەک کەس:** دروستە فیدیەی هەموو مانگەکە بدەیت بە تەنها یەک هەژار، و مەرج نییە ژمارەی هەژارەکان بەقەد ژمارەی ڕۆژەکان بێت.

**٣١- ئەگەر توانای فیدیەشی نەبوو:** ئەگەر کەسێک ئەوەندە هەژار بوو توانای پێدانی فیدیەشی نەبوو، ئەوا فیدیەکە لەسەر شانی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی توانای پەیدا دەکات. ئەگەر مرد و هەر توانای نەبوو، هیچ تاوانبار نییە و شتێکی لەسەر نییە.

**٣٢- بەخشین لە جیاتی پەککەوتە:** دروستە کەسێک بە خۆبەخشی فیدیەی کەسێکی پەککەوتە بدات،

بەڵام بەمەرجێک بە ئیزن و ئاگاداری کەسە پەککەوتەکە بێت.

## ٣٣- ئەگەر دوای فیدیەدان توانای ڕۆژووی بۆ گەڕایەوە:

- **یەکەم:** ئەگەر لە هەمان ئەو ڕۆژەی فیدیەکەی تێدا داوە، پێش ئاوابوونی خۆر توانای بۆ گەڕایەوە، ئەوا فیدیەکەی بۆ حیسابە و پێویست بە قەزا ناکات.

- **دووەم:** ئەگەر فیدیەی چەند ڕۆژێکی داهاتووی دابوو، پاشان پێش هاتنی ئەو ڕۆژانە چاک بووەوە، دەبێت ڕۆژووەکە بگرێت و فیدیەکەی بۆ حیساب ناکرێت.

**٣٤- دواخستنی فیدیە و چاکبوونەوە:** ئەگەر کەسێک فیدیەکەی دواخستبوو، پاشان توانای ڕۆژووگرتنی بۆ

گەڕایەوە، لێرەدا دەبێت ڕۆژووەکە بگرێت (یان قەزای بکاتەوە) و فیدیەدانەکەی لێ وەرناگیرێت، چونکە پێش ئەوەی دەست بە فیدیەدان بکات، توانای ئەسڵییەکەی (کە ڕۆژووە) بۆ گەڕاوەتەوە.

**٣٥- گەڕانەوەی توانا لە ناوەڕاستی مانگدا:** ئەگەر کەسێک لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزاندا توانای ڕۆژووگرتنی بۆ گەڕایەوە، واجبە لەو ساتەوەی کە عوزرەکەی نەماوە دەست بکات بە ڕۆژووگرتنی ڕۆژەکانی تری مانگەکە.

**٣٦- حوکمی ئەو کەسەی عەقڵی لەدەست داوە:**

کەسی بەتەمەن یان نەخۆشێک کە هۆشی نەماوە و ئاگای لە دەوروبەری نییە، یان زۆربەی کات هۆشی نامێنێت، نە ڕۆژووی لەسەرە و نە فیدیە ؛ چونکە عەقڵ بنەمای سپاردنی ئەرکە شەرعییەکانە و ئەم کەسەش ئەرکی لەسەر نەماوە.

**٣٧- چ جۆرە نەخۆشییەک ڕێگە بە ڕۆژووشکاندن دەدات؟** ئەو نەخۆشییەی کە ڕۆژووگرتن لەگەڵیدا زۆر گران بێت (مەشەقەتی هەبێت)، یان ببێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشییەکە، یان مەترسی ئەوە هەبێت کە بەهۆی ڕۆژووەوە برین و نەخۆشییەکە درەنگ چاک ببێتەوە.

**٣٨- جۆرەکانی کەسی نەخۆش:**

- **یەکەم:** ئەو نەخۆشەی هیوای چاکبوونەوەی لێ دەکرێت؛ دواتر قەزای دەکاتەوە.
- **دووەم:** ئەو نەخۆشەی نەخۆشییەکەی درێژخایەنە و هیوای چاکبوونەوەی نییە؛ فیدیە دەدات.
- **سێیەم:** ئەو کەسەی کە نازانرێت بارودۆخی چۆنە؛ سەرەتا ڕۆژووەکەی دەشکێنێت و چاوەڕێ دەکات تا چاک دەبێتەوە و قەزای دەکاتەوە، ئەگەر پێش

قەزاکردنەوەش مرد، حوکمی تایبەتی خۆی هەیە (وەک لە بەشی قەزادا باس دەکرێت).

## ٣٩- جۆرەکانی مەشەقەت و نارەحەتی:

- **یەکەم: مەشەقەتێکی ئاسایی کە لە عیبادەت جیا نابێتەوە؛** وەک هەستکردن بە کەمێک برسییەتی و تینوێتی ، ئەمە نابێتە هۆی ڕۆژووشکاندن.
- **دووەم: مەشەقەتێک کە لە عیبادەت جیا دەبێتەوە و سێ جۆرە:**

**أ- مەشەقەتی سوک:** وەک سەرئێشەیەکی کەم یان کەمێک ئێشی ددان؛ ڕێگە بە ڕۆژووشکاندن نادات.

**ب- مەشەقەتی سەخت:** وەک ئەوەی مرۆڤ بترسێت ئەندامێکی جەستەی لەدەست بدات یان زیانێکی گەورەی پێ بگات؛ لێرەدا ڕۆژووشکاندن دروستە.

**ج- مەشەقەتی مامناوەند:** ئەمەیان لە نێوان هەردوو جۆرەکەی پێشوودایە و بەپێی توانای مرۆڤەکان دەگۆڕێت؛ هەندێکی دەخرێتە سەر جۆری یەکەم و هەندێکی لەسەر جۆری دووەم حیساب دەکرێت.

## ٤٠- حوکمی نەخۆشی دەروونی:

- **یەکەم:** ئەگەر بەردەوام لەژێر چارەسەردایە و ناتوانێت ڕۆژوو بگرێت، حوکمی ئەو نەخۆشەی هەیە کە چاکبوونەوەی نییە (فیدیە دەدات).
- **دووەم:** ئەگەر تەنها جاروبار باری دەروونی تێکدەچێت، دەبێت ڕۆژوو بگرێت، بەڵام کاتێک نۆرەی نەخۆشییەکەی دێت و پێویستی بە دەرمان بوو، دەتوانێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت و دواتر قەزای بکاتەوە.

- **سێیەم:** ئەگەر بێهۆش بوو، حوکمی کەسی بێهۆشی هەیە کە پێشتر باسمان کرد.
- **چوارەم:** ئەگەر دەرمانی خوارد و هەموو ڕۆژەکە خەوت، ڕۆژووەکەی دروستە.
- **پێنجەم: ئەوانەی کێشەی ئەقڵییان هەیە (وەک مەغۆلی، ئۆتیزم و هاوشێوەکانیان):**
- **ئەگەر عەقڵی نەبوو و جیاکاری نەدەکرد:** نە ڕۆژووی لەسەرە، نە قەزا و نە فیدیە.
- **ئەگەر عەقڵی هەبوو و شتی لێک دەدایەوە:** ڕۆژووی لەسەر واجبە، ئەگەر نەیتوانی، فیدیە دەدات.
- **ئەگەر لە ناوەڕاستی مانگدا هۆشی هاتەوە:** پێویست ناکات ڕۆژەکانی پێشوو قەزا بکاتەوە، بەڵام لەو ساتەوە دەبێت ڕۆژوو بگرێت.

• **ئەگەر هەموو مانگەکە بێهۆش بوو:** هیچ قەزایەکی لەسەر نییە.

• **ئەگەر تەنها لە بەشێکی ڕۆژدا هۆشی هاتەوە:** تەنها لەو کاتەی هۆشی هەیە دەبێت خۆی بگرێتەوە و پێویست بە قەزا ناکات.

**٤١- حوکمی ئافرەتی دووگیان و شیردەر:** ئەم ئافرەتانە سێ باریان هەیە:

• **یەکەم:** ئەگەر ڕۆژووگرتن تەنها لەسەر خۆیان گران بوو، دروستە ڕۆژووەکە بشکێنن و تەنها **قەزاکردنەوەیان** لەسەرە بەبێ فیدیە.

• **دووەم: ئەگەر تەنها لەبەر منداڵەکەیان یان کۆرپەکەی ناو سکیان ڕۆژووەکە بشکێنن:** ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە کە تەنها **قەزاکردنەوەیان**

لەسەرە. وە لە هەندێک هاوەڵانەوە هاتووە وەکو (ابن عباس وابن عمر رضي الله عنهم) کە تەنها فیدیە بدەن[1].

**سێیەم:** ئەگەر لە هەمان کاتدا هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ منداڵەکە ترس مابوو، حوکمیان وەک باری دووەمە و تەنها قەزاکردنەوەیان لەسەرە.

**٤٢- شێوازی فیدیە:** ئەگەر بڕیاریان دا لەگەڵ قەزاکەدا فیدیە بدەن، حوکمەکەی وەک فیدیەی کەسی پەککەوتەیە کە پێشتر باسمان کرد.

**٤٣- فرەیی منداڵ و فیدیە:** ئەگەر ئافرەتێک دووانەی ببێت، یان لە هەمان کاتدا دووگیان بێت و شیردەریش بێت، فیدیەکەی زیاد ناکات؛ چونکە فیدیە لە جیاتی ڕۆژووی ڕۆژەکەیە نەک لە جیاتی منداڵەکان.

---

[1] أخرجهما الدارقطني بسند صحيح (٢٣٨٢، ٢٣٨٨)

**٤٤- کێ تێچووی فیدیەکە دەدات؟** پیاوەکە (باوکی منداڵەکە) بەرپرسە لە پێدانی فیدیەکە نەک دایکی منداڵەکە؛ چونکە نەفەقەی منداڵەکە لەسەر شانی باوکیەتی، بەڵام ئەگەر دایکی خۆی بیدات هەر دروستە.

**٤٥- ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی کەسانی تر ڕۆژوو دەشکێنن:** هەر کەسێک لەبەر ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی تر (وەک ڕزگارکردنی کەسێک لە خنکان یان یارمەتیدانی نەخۆشێکی کتوپڕ) ناچار بێت ڕۆژوو بشکێنێت، حوکمی وەک ئافرەتی دووگیان و شیردەرە و دەبێت دواتر قەزای بکاتەوە.

**٤٦- بەردەوامبوون لەسەر ڕۆژوو دوای شکاندن:** هەر کەسێک لەبەر بەرژەوەندی کەسێکی تر ڕۆژووەکەی شکاند (وەک ئەوانەی لە خاڵی پێشوودا باسمان کرد)، پێویست ناکات تا ئێوارە بە برسییەتی بمێنێتەوە و

دەتوانێت نان بخوات؛ چونکە هیچ سوودێکی شەرعی لەو خۆگرتنەوەیەدا نییە کاتێک ڕۆژووەکەی شکاوە.

**٤٧- پاکبوونەوەی ئافرەت لە نیوەڕۆدا:** ئەگەر ئافرەتێک لە ناوەڕاستی ڕۆژدا لە بێنوێژی (حیض) پاک بووەوە، پێویست ناکات تا ئێوارە خۆی لە خواردن بگرێتەوە، بەڵکو دەتوانێت نان بخوات، چونکە ئەو ڕۆژەی هەر لەسەر حیساب نییە و دەبێت دواتر قەزای بکاتەوە.

**٤٨- پاکبوونەوە پێش فەجر:** ئەگەر ئافرەتێک پێش بانگی بەیانی پاک بووەوە، بەڵام خۆشۆردنەکەی کەوتە دوای بانگی بەیانی، ڕۆژووەکەی دروستە و کێشەی نییە.

**٤٩- گومان لە کاتی بێنوێژیدا:** ئەو ئافرەتەی باری بێنوێژییەکەی تێکچووە و نازانێت کەی دەست پێ دەکات، نابێت بە گومانەوە نییەتی ڕۆژووشکاندن

بهێنێت. دەبێت نییەتی ڕۆژوو بهێنێت و بخەویت؛ ئەگەر بەیانی هەستا و بینی بێنوێژە ئەوە دەیشکێنێت، ئەگەرنا بەردەوام دەبێت.

**٥٠- حوکمی ئیستیحازە (خوێنی نەخۆشی):** خوێنی ئیستیحازە (کە جیاوازە لە بێنوێژی مانگانە) ڕێگری لە نوێژ و ڕۆژوو ناکات و ئافرەتەکە بە ئاسایی عیبادەتەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

**٥١- دەردراوەکانی ئافرەت (ڕەنگی زەرد و قاوەیی):**

ئەم دەردراوانە (الكدرة والصفرة) چوار باریان هەیە:

- **یەکەم:** ئەگەر پێش کاتی بێنوێژی (حیض) بێت، ڕۆژوو ناشکێنێت.
- **دووەم:** ئەگەر لە کاتی بێنوێژیدا بێت، بە بێنوێژی حیساب دەکرێت و ڕۆژوو دەشکێنێت.

- **سێیەم:** ئەگەر لە کۆتایی کاتی بێنوێژی و پێش پاکبوونەوەی تەواو بێت، هەر بە بێنوێژی حیسابە.

- **چوارەم:** ئەگەر دوای پاکبوونەوەی تەواو بێت، ڕۆژوو ناشکێنێت؛ لەبەر فەرموودەکەی أم عطية رضي الله عنها کە دەفەرموێ: **( كنا لا نعد الكدرة، والصفرة بعد الطهر شيئاً )**[(١)] ئێمە دەردراوی زەرد و قاوەییمان دوای پاکبوونەوە بە هیچ دانەدەنا.

## ٥٢- حوکمی مەلەوانی و غەواسی:

- **باری یەکەم:** ئەگەر کەسەکە شارەزا بێت و دڵنیا بێت کە ئاو ناچێتە گەروویەوە لە ڕێگەی دەم یان لووتەوە، ئەوا دروستە و حوکمی وەک خۆشۆردن بە ئاوی سارد هەیە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٠٧) وأصله في البخاري دون ذكر "الطهر".

- **باری دووەم:** ئەگەر گومانی زاڵی هەبوو کە ئاو دەچێتە ناو سکییەوە، ئەوا بۆی نییە لە ڕەمەزاندا مەلە بکات یان غەواسی بکات؛ چونکە بە ئەنقەست خۆی دەخاتە مەترسی شکاندنی ڕۆژووەوە.

**٥٣- قوتدانی ئاو بەبێ مەبەست:** ئەگەر کەسێک مەلە بکات و بەبێ ویستی خۆی کەمێک ئاو بچێتە ناو گەروویەوە، ڕۆژووەکەی دروستە و ناشکێت.

# دووەم

## بابەتەکانی پەیوەست

## بە کاتی پارشێو و بەربانگ

## ٥٤- پشت بەستن بە ئامرازە نوێیەکان بۆ کاتی بانگ:

- **باری یەکەم:** ئەگەر ئامرازەکە ڕاستەوخۆ و ڕێک بوو (وەک مۆبایل، تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ڕاستەوخۆ)، دروستە پشتی پێ ببەسترێت و وەک بیستنی بانگی موئەزینێکی دەستپاک وایە.
- **باری دووەم:** ئەگەر ئامرازەکە ڕێک نەبوو (وەک ئەو مۆبایلانەی کاتەکەیان هەڵەیە یان تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەک کە بانگی تۆمارکراو بڵاو دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ نین)، دروست نییە پشتیان پێ ببەسترێت.

**٥٥- بەرنامەکانی ناو مۆبایل:** دروستە کار بە بەرنامەکانی مۆبایل بکرێت بۆ زانینی کاتی بانگ، بەمەرجێک کۆمپانیاکانیان جێگەی بڕوا بن و لەگەڵ

تەقویمی وڵاتدا یەک بگرنەوە، هەروەها دەبێت دڵنیا بیت کە ڕێکخستنی بەرنامەکە لەسەر شارەکەی خۆتە.

**٥٦- خواردن و خواردنەوە لە کاتی بانگدا:** دروست نییە کاتێک بانگدەر دەستی بە بانگی بەیانی کرد، مرۆڤ بەردەوام بێت لە خواردن و خواردنەوە. دەبێت هەر لەگەڵ دەستپێکی بانگدا بوەستێت.

**سەبارەت بەو فەرموودەیەی دەڵێت:** (إذا سمع أحدكم النداء والإناء على يده، فلا يضعه حتى يقضي حاجته منه)[١]

وەڵامی ئەمە بەم خاڵانەی خوارەوە دەدرێتەوە:

أ -ئەم فەرموودەیە بە شێوەیەکی "**مەرفوع**" واتە ڕاستەوخۆ لە زاری پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر نەبووە.

---

[١] أخرجه أحمد (٩٤٧٤) وأبو داود (٢٣٥٠). بيان الوهم والإيهام (٢٨٢/٢) علل الحديث لابن أبي حاتم (٢٣٥/٢) السنن الكبرى للبيهقي (٣٦٨/٤).

**ب** –ئەگەر فەرموودەکە بە دروستیش دابنرێت، ئەوا ڕەنگە مەبەست لێی یەکێک لەم حاڵەتانە بێت:

- یان ئەمە لە سەرەتای ئیسلامدا بووە (پێش جێگیربوونی تەواوەتی حوکمەکان).
- یان بۆ کەسێک بووە کە لەپڕ بانگی بەسەردا هاتووە و ئاگای لە کات نەبووە.
- یان کەسێک بووە کە گومانی هەبووە لە کاتی بانگەکە.

**٥٧- ئەگەر بە گومانی ئەوەی هێشتا شەو ماوە شتی خوارد، بەڵام دەرکەوت فەجر هاتووە:** لەم بارەیەوە لە نێوان زانایاندا دوو ڕا هەیە:

- **ڕای یەکەم:** دەبێت تا ئێوارە خۆی بگرێتەوە و دواتر ئەو ڕۆژە **قەزا بکاتەوە**. ئەمە ڕای چوار مەزهەبەکەیە.

- **ڕای دووەم:** ڕۆژووەکەی دروستە و قەزای ناوێت.
- **پوختە:** ڕای یەکەم دڵنیاترە، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا کە زانینی کات زۆر ئاسانە و کەمتەرخەمی لە مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر کەسێک بەڕاستی کەمتەرخەم نەبووبێت و هەموو هەوڵێکی خۆی دابێت، ئومێد هەیە ڕۆژووەکەی دروست بێت.

## ٥٨- خواردن بە گومانەوە لە کاتی بەربانگدا:

ئەگەر کەسێک گومانی هەبوو کە ئایا خۆر ئاوا بووە یان نا، و بەو گومانەوە شتی خوارد و دواتریش بۆی دەرنەکەوت کە ئایا لە کاتی خۆیدا بووە یان پێش کات، ئەوا **بەبێ خیلاف دەبێت قەزای بکاتەوە**؛ چونکە دروست نییە بە گومانەوە ڕۆژوو بشکێندرێت.

**٥٩- گومان و پاشان دڵنیایی:** ئەگەر بە گومانەوە شتی خوارد، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت و دڵنیا بووەوە کە بەڕاستی دوای ئاوابوونی خۆر بووە، ئەوا **قەزای لەسەر نییە.**

**٦٠- ئەگەر بە گومانی ئاوابوونی خۆر شتی خوارد و پاشان دەرکەوت هێشتا ئاوا نەبووە:** لێرەدا زۆربەی زانایان و چوار مەزهەبەکە دەڵێن: **دەبێت قەزا بکرێتەوە** .ئەمە ڕایەکی پارێزراوترە (الاحتیاط)، چونکە لە فەرموودەی ئەسمای کچی ئەبوبەکردا هاتووە کە جارێک لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژێکی هەوراویدا بەربانگیان کردووە و پاشان خۆر دەرکەوتووەتەوە، و فەرمانی قەزاکردنەوەیان پێ دراوە.

## تێبینی: جیاوازی نێوان (گومان/الشك) و (گومانی زاڵ/الظن):

- **گومان (الشك):** ئەوەیە کە دوودڵ بیت و نەتزانیت کامیان ڕاستە (٥٠ بە ٥٠).
- **گومانی زاڵ (الظن):** ئەوەیە کە بەهۆی نیشانەیەکەوە لایەکیان بە لای تۆدا قورستر و ڕاستتر بێت (بۆ نموونە ٧٠٪ پێت وابێت خۆر ئاوا بووە).

**٦١- حوکمی ئەو وڵاتانەی ڕۆژ تێیاندا زۆر درێژە:** لەو وڵاتانەی کە شەو و ڕۆژیان هەیە (تەنانەت ئەگەر ڕۆژ زۆر درێژیش بێت)، دەبێت هەموو ڕۆژەکە بە ڕۆژوو بن و نابێت بە ئەندازەی مەککە یان وڵاتانی تر ڕۆژووەکە بشکێنن. بەڵام ئەگەر کەسێک لەبەر درێژیی ڕۆژەکە ترسی زیانی گەورەی بۆ سەر ژیانی هەبوو، دروستە بەو عوزرە بیبرِێت و دواتر لە کاتێکی گونجاودا قەزای بکاتەوە.

**٦٢- حوكمی ئەو وڵاتانەی شەو و ڕۆژیان لێ جیا نابێتەوە:** ئەو وڵات و ناوچانەی کە تێیاندا شەو و ڕۆژ لە یەکتر جیا نابنەوە (بۆ نموونە هەموو ساڵەکە یان چەند مانگێک هەر ڕۆژە یان هەر شەوە)، ئەوا کاتیان بۆ دەخەملێنرێت، یان پەیڕەوی کاتی نزیکترین وڵات دەکەن کە شەو و ڕۆژی تێدا جیا دەکرێتەوە.

# سێیەم

# ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن

# و پرسە نوێیەکان

خوێنەری بەڕێز: ئەو بنەمایانەی لە دیاریکردنی ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن لە مەسەلە هاوچەرخەکاندا پەیڕەوم کردوون، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١. **بنەمای یەکەم:** هەر شلەمەنییەک لە ڕێگەی دەم یان لووتەوە بگاتە مەعیدە (گەدە)، چ خواردەمەنی بێت یان نا، ڕۆژوو دەشکێنێت (ئەمە جێگەی کۆدەنگییە).

٢. **بنەمای دووەم:** هەر شتێکی بەهێزکەر (مغذي) کە لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت بگاتە ناو جەستە، ڕۆژوو دەشکێنێت؛ چونکە لەگەڵ مەبەستی سەرەکی ڕۆژوودا ناگونجێت.

٣. **بنەمای سێیەم:** ئەو برە زۆر کەم و وردانەی کە دەگەنە مەعیدە (وەک شوێنەواری دەستنوێژ)، لێی خۆشبووە و ڕۆژوو ناشکێنن.

٤. **بنەمای چوارەم:** بنەڕەت ئەوەیە کە ڕۆژوو دروستە، بۆیە دڵنیایی (یقین) پێش گومان (شک) دەخرێت.

**٦٣- خواردن و خواردنەوە:** خواردن و خواردنەوە لە ڕێگەی دەم یان لووتەوە، بە کۆدەنگی (ئیجماع)ی زانایان ڕۆژوو دەشکێنێت.

**٦٤- بێنوێژی (حیض) و زەیستانی (نفاس):** ئەم دووانەش بە کۆدەنگیی زانایان ڕۆژوو دەشکێنن.

**٦٥- ڕشانەوە :** ئەگەر کەسەکە بە ئەنقەست خۆی بڕشێنێتەوە، ڕۆژووەکەی دەشکێت؛ بەڵام ئەگەر بەبێ ویستی خۆی بێت (دڵی تێک بچێت و بڕشێتەوە)، ڕۆژووەکەی ناشکێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: هەر کەسێک ڕشانەوە بەسەریدا هات، قەزای لەسەر نییە، بەڵام هەر کەسێک بە ئەنقەست خۆی بڕشێنێتەوە با قەزای بکاتەوە.[1]

---

[1] أخرجه أبو داود (٢٣٨٠) والترمذي (٧٢٠) وضعفه الإمام أحمد مسائل أبي داود (ص ٣٨٧).

**٦٦- خوێن بەربوون:** خوێنی برین یان خوێنی لووت (رعاف) ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر شکانی نییە.

**٦٧- جگەرەکێشان:** کێشانی جگەرە و دوکەڵ لە مەزهەبی هەر چوار ئیمامەکە و لای هەموو زانایان ڕۆژوو دەشکێنێت؛ چونکە مرۆڤەکە بە ئەنقەست ماددەیەک دەگەیەنێتە ناو جەستەی.

**٦٨- حەبی ژێر زمان (بۆ نەخۆشی دڵ):** ئەو حەبانەی دەخرێنە ژێر زمان بۆ نەخۆشییەکانی دڵ ڕۆژوو ناشکێنن، مەگەر ئەوەی بە ئەنقەست پاشماوەکەی یان شلەمەنییەکەی قوت بدرێت و بگاتە مەعیدە.

**٦٩- جۆرەکانی قەترە :**

- **أ- قەترەی چاو و گوێ:** ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە ناگەنە مەعیدە. ئەگەر شتێکی زۆر کەمیش بگاتە

گەروو بەبێ ویست، حوکمی وەک ئاوی ناو دەم و لووتی هەیە کاتی دەستنوێژ و نابێتە هۆی شکانی ڕۆژوو.

- **ب- قەترەی لووت:** ڕای پەسەند ئەوەیە کە ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە ناگاتە مەعیدە. ئەگەر شتێکی زۆر کەمیش بگات یان بەبێ ویست قوت بدرێت، زیانی نییە، چونکە بنەڕەت ئەوەیە ڕۆژووەکە دروستە و گەیشتنی بۆ مەعیدە جێگەی گومانە.

## ٧٠- غازی ئۆکسجین و بەخاخ (وەک بەخاخی تەنگەنەفەسی):

**٧٠- غازی ئۆکسجین و بەخاخ (وەک بەخاخی تەنگەنەفەسی):** ئەم ئامرازانە دوو باریان هەیە:

- **یەکەم:** ئەگەر تەنها غاز بێت و هیچ ماددەیەکی شل یان وشکی تێدا نەبێت، ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە نە خواردنە و نە خواردنەوە.

- **دووەم:** ئەگەر ماددەی شل یان وشکی تێدا بێت، دیسان ڕای پەسەند ئەوەیە کە ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە مەبەست لێی گەیاندنی دەرمانە بۆ سییەکان نەک بۆ مەعیدە (گەدە)، ئەگەر بڕێکی زۆر کەمیشی بگاتە گەدە، لێی خۆشبووە وەک چۆن لە قەترەی لووتدا باسمان کرد.

## ٧١- جۆرەکانی دەرزی:

**أ- دەرزی بەهێزکەر (مغذي):** ڕۆژوو دەشکێنێت، چونکە جێگەی خواردن و خواردنەوە دەگرێتەوە.

**ب- دەرزی چارەسەری (علاجی):** ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە خواردن نییە.

**ج- دەرزی جوانکاری:** ڕۆژوو ناشکێنێت.

**د- تیشکی ڕەنگاوڕەنگ:** بریتییە لە دەرزییەکی دەرمانی کە بۆ پشکنینی منداڵدان بەکاردێت؛ ئەمە

ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە نە خواردنە و نە لە مانا و جێگەی خواردنیشدایە.

**٧٢- شۆردنی گورچیلە:** بە هەردوو جۆرەکەیەوە؛ ئەگەر ماددەی خۆراکی وەک شەکر و هاوشێوەکانی تێکەڵی خوێنەکە بکرێت، ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت .بەڵام ئەگەر تەنها خاوێنکردنەوەی خوێن بێت بەبێ هیچ زیادکەرێکی خۆراکی، ئەوا ڕۆژوو ناشکێنێت.

هەندێکیش وتوویانە: هەر دەشکێت، چونکە خوێنەکە دەچێتەوە ناو جەستە. مەسەلەکە جێگەی مشتومڕ و ئەگەرە، بۆیە خۆپارێزی (الأحوط) ئەوەیە کە پڕۆسەکە بۆ شەو دوابخرێت.

**٧٣- بەکارهێنانی شاف یان پشکنین لە ڕێگەی کۆم و دامێنەوە:** بەکارهێنانی شاف (تەحامیل)، ماددەی پشکنین یان پاککەرەوە لەو ڕێگایانەوە ڕۆژوو

ناشکێنێت، چونکە ئەمانە ناگەنە مەعیدە و مەبەستی خۆراکیشیان تێدا نییە.

**٧٤- هەویری ددان (مەعجون):** بەکارهێنانی هەویری ددان ڕۆژوو ناشکێنێت، بەمەرجێک ئاگاداری بێت هیچ شتێکی لێ قوت نەدەیت.

**٧٥- بنێشتی دەستکرد:** ئەو بنێشتە دەستکردانەی کە تامی میوە و شەکر و ڕەنگیان تێدایە ڕۆژوو دەشکێنن، چونکە ئەو ماددانە لەگەڵ لیکاودا دەچنە ناو جەستەوە.

**٧٦- بنێشتی نیکۆتین:** ئەم بنێشتە ڕۆژوو دەشکێنێت، چونکە ماددەی نیکۆتینەکەی تێدا دەتوێتەوە و لە ڕێگەی لیکاوی دەمەوە دەگاتە مەعیدە.

### ٧٧- (نازوور)ی مەعیدە:

• **باری یەکەم:** ئەگەر تەنها ئامێرەکە بێت و هیچ ماددەیەکی پزیشکی یان شلەمەنی پێوە نەبێت، ڕۆژوو ناشکێنێت.

• **باری دووەم:** ئەگەر ماددەی شل یان چەورکەری پزیشکی پێوە بێت و بگاتە گەدە، ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت.

### ٧٨- نەشتەرگەری لە ناو جەستەدا:

**أ-** ئەگەر هەموو ڕۆژەکە بێهۆش (تخدير كامل) بێت، ڕۆژووەکەی دروست نییە (وەک لە پێشتردا باسمان کرد).

**ب-** ئەگەر بێهۆشکردنەکە موعەزی بێت (تخدير موضعي)، یان تەنها بەشێکی ڕۆژەکە بێهۆش بێت، ئەوا:

○ ئەگەر تەنها دەرمانی پێ درا بەبێ ئەوەی لە دەم و لووتەوە بێت، ڕۆژووەکەی ناشکێت.

○ ئەگەر ماددەی بەهێزکەری (مغذي) پێ درا، ڕۆژووەکەی دەشکێت.

○ ئەگەر خوێنی تێبکرێت، لە نێوان زانایاندا جێگەی مشتومڕە و دواتر باسی دەکەین.

**٧٩- قەستەرەی دڵ:** بنەڕەت ئەوەیە کە قەستەرە ڕۆژوو ناشکێنێت، مەگەر ئەوەی لە کاتی کارەکەدا ماددەی بەهێزکەر یان دەرمانی شل لە ڕێگەی دەم و لووتەوە بگاتە ناو جەستەی نەخۆشەکە.

### ٧٩- حوکمی کلی چاو:

**أ- کلی لە ناو چاودا:** ڕۆژوو ناشکێنێت، تەنانەت ئەگەر هەست بە تامی کلەکەش بکەیت لە قوڕگتدا؛

چونکە هیچ ڕێڕەوێکی ڕاستەوخۆ لە چاوەوە بۆ مەعیدە نییە و کلیش نە خواردنە و نە خواردنەوە.

**ب- کل لە دەرەوەی چاو:** بە کۆدەنگی زانایان ڕۆژوو ناشکێنێت.

**٨٠- حەننا (خەنە):** حوکمی وەکو کلی چاو وایە و ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە نە خواردنە و نە دەگاتە ناو سک.

## ٨١- لەزگەی پزیشکی و جۆرەکانی:

**أ- لەزگەی نیکۆتین:** لە نێوان زانایاندا جێی مشتومڕە؛ هەندێک دەڵێن وەک جگەرە وایە و دەیشکێنێت، هەندێکی تر دەڵێن چونکە نە خواردنە و نە خواردنەوە ناشکێت. ڕای پارێزراوتر (أحوط) ئەوەیە کە بەکارنەهێنرێت و بخرێتە کاتی شەو.

**ب- لەزگەی ڕێگری لە سکپڕی:** ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە نە خۆراکە و نە دەگاتە مەعیدە.

**ج- لەزگەی نەهێشتنی برسییەتی:** ڕای پەسەند ئەوەیە ناشکێت؛ چونکە تەنها هەستی تێربوون دەدات بە مرۆڤ و ماددەی خۆراکی ناگەیەنێتە ناو جەستە.

**د- عەدەسەی چاو:** ڕۆژوو ناشکێنێت، چ بە شلەمەنییەکەیەوە بێت یان بەبێ ئەو.

**٨٢- عەتری شل (بۆن):** ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە بۆن تەنها هەڵمە و هیچ ماددەیەکی نییە بگاتە ناو مەعیدە.

**٨٣- بۆنی توند و بخوور:** ڕای پەسەند ئەوەیە کە ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە خواردن نییە، ئەگەر بڕێکی زۆر کەمیشی بچێتە ناو دەمەوە بەبێ ویست بووە.

**٨٤- دوکەڵی کارگەکان:** ئەگەر ڕۆژووەوان هەڵیمژێت، ڕۆژووەکەی ناشکێت (وەک بخوور وایە).

### ٨٥- خوێن ڕاکێشان:

**یەکەم (بۆ پشکنین):** ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە بڕەکەی کەمە.

**دووەم (بۆ بەخشین):** ڕای پارێزراوتر ئەوەیە بخرێتە کاتی شەو؛ چونکە زانایان لەسەر پرسی (کەلەشاخ – الحجامة) خیلافیان هەیە، هەندێک دەڵێن دەیشکێنێت و هەندێک دەڵێن ناشکێت.

**٨٦- خوێن بەربوون بەهۆی برینداریەوە:** ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ شکاندنی.

**٨٧- خوێنی لووت :** بە ئەنقەست بێت یان بێ ئەنقەست، ئەگەر نەچێتە ناو قوڕگ ڕۆژوو ناشکێنێت. ئەگەر بەبێ ویستیش چوو ناو قوڕگ، هەر ناشکێت، چونکە پارێزگاری لێکردنی گرانە.

**٨٨- چارەسەری کیمیایی (بۆ شێرپەنجە):** ڕۆژوو ناشکێنێت، بەڵام بەزۆری ئەو نەخۆشانە توانای ڕۆژووگرتنیان نییە و دەتوانن بەهۆی نەخۆشییەوە نەیگرن.

**٨٩- خوێن تێکردن (گواستنەوەی خوێن بۆ نەخۆش):** زانایانی سەردەم جیاوازن؛ هەندێک دەڵێن دەیشکێنێت چونکە جەستە دەبووژێنێتەوە، هەندێکی تر دەڵێن چونکە خواردن و خواردنەوە نییە ناشکێت. ڕای پارێزراوتر ئەوەیە بخرێتە شەو.

**٩٠- ڤیتامینەکان:**

**أ- ئەگەر بە دەرزی بێت:** ئەگەر بەهێزکەر بێت (مغذي) دەیشکێنێت، ئەگەر تەنها دەرمانی چارەسەر بێت ناشکێت.

**ب- ئەگەر بە شێوەی حەب یان شەربەت بێت و لە دەمەوە بخورێت:** بە دڵنیاییەوە ڕۆژوو دەشکێنێت.

**٩٠- کاریگەری بێهۆشکردن (تەخدیر) لەسەر ڕۆژوو:** بێهۆشکردن دوو باری سەرەکی هەیە:

**باری یەکەم:** ئەگەر بێهۆشکردنەکە ببێتە هۆی لەدەستدانی تەواوی هۆشیاری لە سپێدەوە تا ئێوارە (هەموو ڕۆژەکە)، ئەوا ڕۆژووەکە بەتاڵ دەبێتەوە.

**باری دووەم:** ئەگەر بێهۆشکردنەکە تەنها بۆ بەشێکی ڕۆژەکە بێت و لە بەشەکەی تریدا هۆشی هەبێت، ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە.

**باری سێیەم:** بێهۆشکردنی شوێنی (موضعي) کە نابێتە هۆی لەدەستدانی هۆشیاری، ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، چونکە هیچ هۆکارێک نییە بۆ شکاندنی.

## جۆرەکانی بێهۆشکردن:

**یەکەم:** ئەگەر بێهۆشکردنەکە لە ڕێگەی غازی ئۆکسجینەوە بێت کە ماددەی بێهۆشکەری لەگەڵ و لە دەم یان لووتەوە وەردەگیرێت، ڕۆژوو ناشکێنێت.

**دووەم:** ئەگەر لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە بێت، ڕۆژوو ناشکێنێت، مەگەر ئەوەی ماددەی بەهێزکەری (مغذي) لەگەڵ بێت.

**سێیەم: بێهۆشکردنی وشک (دەرزی چینی):** کە جۆرێکە لە چارەسەری چینی و تێیدا دەرزی وشک دەکرێتە ناو ناوەندەکانی هەستکردن لە ژێر پێستدا و وا دەکات نەخۆشەکە هەست بە ئازار نەکات؛ ئەمە ڕۆژوو ناشکێنێت.

**چوارەم:** دانانی ماددەیەکی شلی بێهۆشکەر لەناو دەمدا ڕۆژوو ناشکێنێت، ئەگەر شتێکیشی لێ بچێتە ناو

گەروو، حوکمی وەک حوکمی بەخاخی تەنگەنەفەسی وایە کە پێشتر باسمان کرد.

**٩١- بەکارهێنانی چەوری و نەرمکەرەوەکانی پێست:** بەکارهێنانی کرێم و مەرهەم و نەرمکەرەوەکانی پێست ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە ئەمانە نە خواردنن و نە خواردنەوە، و ناگەنە مەعیدە (گەدە).

**٩٢- بێهۆشکردن لە ڕێگەی دەم و لووتەوە:** ئەم جۆرە بێهۆشکردنە ڕۆژوو ناشکێنێت، بەڵام ئەگەر کەسەکە هەموو ڕۆژەکە بێهۆش بێت دەبێت قەزای بکاتەوە، ئەگەر بۆ بەشێکی ڕۆژەکە بێت ڕۆژووەکەی دروستە.

**٩٣- وەرگرتنی پارچە (نموونە) لە جەستە بۆ پشکنین:** وەرگرتنی نموونە لە ئەندامەکانی جەستە بۆ پشکنین، چ لە ڕێگەی دەرزییەوە بێت یان نازوور یان بڕینی پارچەیەک، ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە ئەمانە

خواردن نین، مەگەر ئەوەی ماددەیەکی شل لە ڕێگەی دەم یان لووتەوە بخرێتە ناو مەعیدە، ئەو کاتە ڕۆژوو دەشکێت.

**٩٤- قوتدانی بەڵغەم :** بەپێی ڕای پەسەندی زانایان، قوتدانی بەڵغەم بە هەموو شێوەیەک ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەمانە دەردراوی ناو بۆری هەوان و وەک خۆراک هەژمار ناکرێن، بەڵام قوتنەدانی باشترە.

**٩٥- قوتدانی لیکاوی دەم :** قوتدانی لیکاوی دەم ڕۆژوو ناشکێنێت، چ کۆ بکرێتەوە و چ کۆ نەکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بگاتە سەر لێوەکانیش و پاشان قوت بدرێت؛ چونکە ئەمە نە خواردنە و نە خواردنەوە.

**٩٦- قوتدانی پاشماوەی ئاوی دەم و لووت (دوای دەستنوێژ):** قوتدانی ئەو شێدارییەی دوای ئاو لە دەم

و لووت وەردان دەمێنێتەوە ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە پارێزگاری لێکردنی مەحاڵە و شەریعەتیش ڕێگەی بە ئاو لە دەم و لووت وەردان داوە.

**٩٧- زیادەڕۆیی لە ئاو لە دەم و لووت وەردان:** ئەگەر کەسێک لە کاتی دەستنوێژدا زیادەڕۆیی بکات لە ئاو لە دەم و لووت وەردان و بەبێ ویستی خۆی ئاو بچێتە ناو گەرووی، بەپێی ڕای پەسەند ڕۆژووەکەی ناشکێت چونکە مەبەستی نەبووە، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست بێت ئەوا بە کۆدەنگی زانایان ڕۆژووەکەی دەشکێت.

**٩٨- غەرغەرە کردن بە دەرمان:** غەرغەرە کردن بە دەرمان و هاوشێوەکانی ڕۆژوو ناشکێنێت ئەگەر نەگاتە مەعیدە، ئەگەر بەبێ ویستیش شتێکی لێ بچێتە خوارەوە، زیانی نییە.

**٩٩- بەخاخی پاککەرەوەی ددان:** ئەو بەخاخەی بۆ چارەسەری شوێنی و پاککردنەوەی ددان بەکاردێت ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە ناگاتە مەعیدە و وەک خواردنیش هەژمار ناکرێت.

**١٠٠- دەرهێنانی لەولەب، کێشانی ددان و مژینی چەوری:** دەرهێنانی لەولەب (بۆ ڕێگری لە سکپڕی)، کێشانی ددان، مژینی چەوری (شفط الدهون) و وەرگرتنی نموونە بۆ چاندن یان پشکنین، ئەمانە هیچ کامێکیان ڕۆژوو ناشکێنن، مەگەر ئەوەی لەگەڵیدا بێهۆشکردنی تەواو بۆ هەموو ڕۆژەکە ئەنجام بدرێت.

**١٠١- شەیتانیبوون (الاحتلام):** بە کۆدەنگی (ئیجماع)ی هەموو زانایان، شەیتانیبوون لە کاتی خەودا ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، خۆی دەشوات و بەردەوام دەبێت لەسەر ڕۆژووەکەی.

**١٠٢- دەرچوونی مەزی** : دەرچوونی مەزی (ئەو شلەمەنییە ڕوونەی لە کاتی وورووژاندا دەردەچێت) سێ باری هەیە:

**باری یەکەم:** ئەگەر بەهۆی یەکەم تەماشاکردنەوە بێت، ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە پێغەمبەر ﷺ بە عەلی فەرمووە: (يا عليُّ ! لا تُتبعِ النَّظرةَ النَّظرةَ، فإنَّ لك الأولى، و ليست لك الآخرةُ)[1].

**باری دووەم:** ئەگەر بەهۆی دووبارەکردنەوەی تەماشاکردنیش بێت، بەپێی ڕای پەسەندی زانایان ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە.

**باری سێیەم:** ئەگەر بەهۆی ماچکردن یان دەستبازی و هاوشێوەکانی بێت، دیسان ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە؛ چونکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نییە کە بڵێت "مەزی"

---

[1] أخرجه أحمد (١٣٧٣) وأبو داود (٢١٤٩) والترمذي (٢٧٧٧) وضعفه.

ڕۆژوو دەشکێنێت، هەروەها قیاس ناکرێتە سەر "مەنی" چونکە حوکمەکانیان جیاوازن و مەزی زۆر جار بێ ویست دەردەچێت.

**١٠٣- دەرچوونی مەنی** : دەرچوونی مەنی چوار باری هەیە:

**باری یەکەم:** ئەگەر بەهۆی یەکەم تەماشاکردنەوە بێت، بەپێی ڕای پەسەند ڕۆژوو ناشکێنێت (وەک حوکمی مەزی لە باری یەکەمدا).

**باری دووەم:** ئەگەر بەهۆی دووبارەکردنەوە و بەردەوامبوون لە تەماشاکردن بێت، بەپێی ڕای پەسەند ڕۆژوو دەشکێنێت؛ چونکە بەو دووبارەکردنەوەیە مەبەستی دەرچوونی بووە.

**باری سێیەم:** ئەگەر بەهۆی ماچکردن و دەستبازی ڕاستەوخۆ بێت، ڕۆژوو دەشکێنێت.

**باری چوارەم:** ئەگەر بەهۆی دەستپەڕ (الاستمناء) بێت، ڕۆژوو دەشکێت؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، بە بەڵگەی فەرموودەی قودسی کە تێیدا خودا دەفەرموێت: (يقول الله عز وجل: الصَّوْمُ لي وأنا أجْزِي به، يَدَعُ شَهْوَتَه وأَكْلَهُ وشُرْبَهُ مِن أجْلِي)[1] لێرەدا ئارەزوو (شهوة) مەبەست لێی مەنییە و خودا لەگەڵ خواردن و خواردنەوەدا باسی کردووە کە ڕۆژوو دەشکێنن.

**١٠٤- دەرچوونی مەنی بێ ویستی مرۆڤ:** ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی ماچی بکات و بێ ئەوەی ئارەزووی ئەو پیاوەی تێدا بێت یان بە دەست خۆی بێت مەنی لێ دەرچێت، ڕۆژووەکەی ناشکێت؛ ئەمە ڕای چوار مەزهەبەکەیە چونکە بە ویستی خۆی نەبووە.

---

[1] أخرجه البخاري (٧٤٩٢)

**١٠٥- دەرچوونی وەدی:** دەرچوونی وەدی (ئەو شلەمەنییە سپییە خەستەی دوای میز دەردەچێت) ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە بنەڕەت دروستیی ڕۆژووە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ شکاندنی.

---

## سوودێکی گرنگ:

هۆکاری سەرەکی خیلاف و جیاوازیی زانایان لە پرسە کۆن و نوێیەکانی "ڕۆژووشکێن" بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە :ئایا هەر شتێک بچێتە ناو جەستە ڕۆژوو دەشکێنێت، یان تەنها ئەوەی دەگاتە "مەعیدە"؟ ئایا دەبێت ڕێگەی چوونە ژوورەوەکە ئاسایی بێت (وەک دەم و لووت) یان نائاسایی (وەک گوێ و چاو)؟ ئایا مەرجە ئەو شتە بەهێزکەر بێت یان نا؟ دۆزینەوەکانی پزیشکی نوێ زۆرێک لەو تێگەیشتنانەی گۆڕی کە

زانایانی پێشوو هەیانبوو سەبارەت بەوەی ئایا کون یان ڕێڕەو لە نێوان چاو، گوێ، یان کۆم و زێ بەرەو مەعیدە هەیە یان نا. بە گشتی زانایان لەم بابەتەدا دوو ئاراستەیان هەیە: هەندێکیان بازنەی ڕۆژووشکێنەکان بە تەسک دەگرن و هەندێکی تریان بە فراوان.

**١٠٦- قوتدانی بڕێکی کەم لە خواردن:** ئەگەر ڕۆژووەوان بە ئەنقەست بڕێکی کەم لە خواردن قوت بدات، ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر بەبێ مەبەست و بێ ویستی خۆی بێت، ڕۆژووەکەی دروستە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە پارێزگاری لێکردنی گرانە.

**١٠٧- قوتدانی پاشماوەی خواردنی نێوان ددانەکان:** حوکمی ئەم مەسەلەیەش وەک مەسەلەکەی پێشووە؛ ئەگەر بە ئەنقەست بێت ڕۆژوو دەشکێنێت، ئەگەر بێ ویست بێت ناشکێنێت.

**١٠٨- جووتبوون (سەرجێیی) لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا:** بە کۆدەنگی (ئیجماع)ی هەموو زانایان، جووتبوون لە ڕۆژی ڕەمەزاندا ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە، چ مەنی دەرچێت یان دەرنەچێت، بەڵگەکان لەسەر ئەم بابەتە زۆر و مەشهوورن.

**١٠٩- کەفارەتی جووتبوون لە ڕۆژی ڕەمەزاندا:**

کەفارەتەکەی بریتییە لە: ئازادکردنی کۆیلەیەک، ئەگەر دەستی نەکەوت دەبێت دوو مانگ لەسەریەک و بەبێ پچڕان ڕۆژوو بگرێت، ئەگەر نەیتوانی دەبێت خواردن بدات بە شەست هەژار. ئەم کەفارەتە بەپێی ڕیزبەندییە نەک سەرپشکی (واتە ناتوانێت بچێتە سەر بژاردەی دووەم تا یەکەمی پێ نەکرێت)؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، ئەمەش بە پشتبەستن بەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە و دەڵێت: کاتێک لای پێغەمبەر ﷺ دانیشتبووین، پیاوێک

هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا تیاچووم! فەرمووی: «چیت بەسەر هاتووە؟» وتی: لەکاتێکدا بەڕۆژوو بووم چوومە لای هاوسەرەکەم. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئایا دەتوانیت کۆیلەیەک ئازادی بکەیت؟» وتی: نەخێر. فەرمووی: «ئایا دەتوانیت دوو مانگ لەسەریەک بەڕۆژوو بیت؟» وتی: نەخێر. فەرمووی: «ئایا دەتوانیت خواردنی شەست هەژار بدەیت؟» وتی: نەخێر.

پاشان پێغەمبەر ﷺ کەمێک مایەوە، لەو کاتەدا سەبەتەیەک خورمایان بۆ هێنا، فەرمووی: «کوا ئەو کەسەی پرسیارەکەی کرد؟» وتی: منم. فەرمووی: «ئەمە ببە و بیکە بە خێر». پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا بیبەخشم بە کەسێک کە لە من هەژارتر بێت؟ سوێند بە خوا لە نێوان هەردوو کێوە ڕەشەکەی مەدینەدا (مەبەستی هەموو شارەکەیە)

ماڵباتێک نییە لە ماڵباتی من هەژارتر بێت. پێغەمبەر ﷺ پێکەنی تا ددانە کانییەکانی دەرکەوت، پاشان فەرمووی: «بەرەو بیدە بە ماڵ و منداڵی خۆت»..[1]

## ١١٠- ئەگەر ئازادکردنی کۆیلە مەحاڵ بوو

**(وەک ئەم سەردەمە):** لەم کاتەدا ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر بژاردەی دووەم کە ڕۆژووگرتنی دوو مانگەکەیە. بەپێی ڕای پەسەند و مەزهەبی چوار ئیمامەکە، دروست نییە ڕاستەوخۆ پارە (قیمە) بدرێت؛ چونکە فەرموودەکە دەقی ڕاشکاوە لەسەر ئەوەی تەنها لە کاتی نەبوونی تواناادا دەچێتە سەر بژاردەی دوای خۆی، گۆڕینی بۆ پارە پێچەوانەی دەقی فەرموودەکەیە.

## ١١١- پچڕاندنی ڕۆژووی کەفارەت (دوو مانگەکە) بەهۆی عوزرەوە:

ئەگەر کەسێک لە کاتی گرتنی دوو

---

[1] أخرجه البخاري (١٩٣٦) ومسلم (١١١١).

مانگی کەفارەتەکەدا، بەهۆی عوزرێکی شەرعییەوە وەک (نەخۆشی، سەفەر، بێنوێژی، زەیستانی، یان لەبیرچوونەوە و نەزانی) ڕۆژووەکەی بشکێنێت، ئەوا زیانی نییە و مەرجی "بەدوای یەکدا بوون" (تتابع) ناشکێت و لە دوای نەمانی عوزرەکە بەردەوام دەبێت.

### ١١٢- ئەگەر نەیتوانی بەدوای یەکدا بیگرێت:

ئەو کەسەی کەفارەتی دوو مانگ ڕۆژووی لەسەر واجبە، ئەگەر نەیتوانی بەدوای یەکدا بیگرێت بەڵام بە جیاجیا (پچڕ پچڕ) بۆی دەگیرا، ئەوا هەر پێویستە ڕۆژووەکە بگرێت و تەنها لە کاتی هەبوونی عوزری شەرعی دەتوانێت بوەستێت و دواتر تەواوی بکات.

**١١٣- خواردنپێدانی شەست هەژار:** ئەگەر کەسێک بەهۆی پیری یان نەخۆشییەوە نەیتوانی دوو مانگ ڕۆژووەکە بگرێت، دەبێت خواردن بدات بە شەست هەژار (نێر بێت یان مێ، تەنانەت منداڵێکیش کە خواردن

بخوات). دەکرێت هەمووی بەیەکجار بدات یان لە چەند ڕۆژێکدا دابەشی بکات تا دەگاتە شەست کەس.

**خاڵێکی گرنگ:** بەپێی ڕای زۆربەی زانایان، دروست نییە تەنها بە یەک کەس بدرێت (تەنانەت ئەگەر لە ماوەی شەست ڕۆژیشدا بێت)؛ چونکە دەقی فەرموودەکە ئاماژەی بە "شەست کەس" کردووە.

**١١٤- بڕی ئەو خواردنەی دەدرێت:** زانایان لەسەر بڕی خواردنەکە جیاوازن، ڕای پەسەند و ئەحوەت ئەوەیە: بۆ هەر هەژارێک (نیو ساع) کە دەکاتە نزیکەی **یەک کیلۆ و نیو** لەو خواردنەی کە خەڵکی وڵات دەیخۆن (وەک برنج یان گەنم). هەندێک لە زانایانیش دەڵێن تەنها ئەوەندە بێت کە هەژارەکە تێر بکات بەسە.

**١١٥- پێدانی نانی نیوەڕۆ و ئێوارە:** دروستە لە جیاتی بەخشینی وشکە، نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە بۆ هەژارەکان

ئامادە بکەیت، بەمەرجێک ژمارەیان بگاتە شەست کەس. سەبارەت بەوەی ئایا بڕەکەی دیاریکراو بێت یان تەنها تێربوونیان بەسە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خیلافەی لە خاڵی پێشوودا باسمان کرد.

**١١٦- شوێنی خەرجکردن و خۆبەخشی:** حوکمەکانی ئەوەی بە کێ دەدرێت و ئایا کەسی تر دەتوانێت لە جیاتی پەککەوتەکە بیدات، پێشتر لە بەشی فیدیەی پەککەوتەدا بە درێژی باسمان کرد.

**١١٧- عوزرە ڕێگەپێدراوەکان بۆ گۆڕین لە ڕۆژووەوە بۆ خواردنپێدان:** ئەم بابەتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردایە، هەر کەسە و باشتر خۆی دەناسێت کە ئایا بەڕاستی نەخۆشە یان نا. دروست نییە مرۆڤ تەنها لەبەر ماندووبوونێکی کەم یان نارەحەتییەکی ئاسایی، ڕۆژوو نەگرێت و پەنا بباتە بەر خواردنپێدان.

**١١٨- نەمانی توانای دارایی بۆ کەفارەت:** ئەگەر کەسێک هیچی نەبوو کەفارەت بدات، ئەوا کەفارەتەکە لە گەردنیدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی توانای پەیدا دەبێت. ئەگەر مرد و هەر هیچی نەبوو، گوناهبار نییە. بەڵام ئەگەر ماڵ و سامانی (میرات) جێهێشت، دەبێت پێش دابەشکردنی میرات، کەفارەتەکەی لێ جیا بکرێتەوە و بدرێت.

**١١٩- ئایا کەفارەت ئافرەتیش دەگرێتەوە؟** ئافرەت دوو باری هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر بە زۆر و ناچاری (إكراه) سەرجێیی لەگەڵ کرابێت، هیچ کەفارەتێکی لەسەر نییە.

**دووەم:** ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆی بووبێت، ئەوا بەپێی ڕای زۆربەی زانایان کەفارەتی لەسەرە؛ چونکە هەر

حوکمێک بۆ پیاوان جێگیر بووبێت، بۆ ئافرەتانیش وایە، مەگەر بەڵگەیەکی تایبەت هەبێت بۆ جیاکردنەوەیان.

### ١٢٠- ئایا قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژەی تێیدا جووتبوون (سەرجێیی) ڕوویداوە واجبە؟

بەڵێ، جگە لە کەفارەتەکە، قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژەش واجبە؛ ئەمە مەزهەبی چوار ئیمامەکەیە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەو کەسە کردووە کە فەرموویی: «ڕۆژێک لە شوێنیدا قەزا بکەرەوە». هەروەها چونکە بنەڕەت لە عیبادەتی فەوتاودا قەزاکردنەوەیە.

### ١٢١- حوکمی زینا و نێربازی لە ڕۆژی ڕەمەزاندا:

**أ. حوکمی زینا:** هەر کەسێک لە ڕۆژی ڕەمەزاندا تووشی تاوانی زینا بێت (پەنا بەخوا)، جگە لەوەی تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە، کەفارەتیشی لەسەر واجب دەبێت؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە ئەگەر

بۆ حەڵاڵ (هاوسەرگیری) کەفارەت هەبێت، ئەوا بۆ حەرام بە لە پێشترە.

**ب. حوکمی نێربازی :** ئەگەر کەسێک لە ڕۆژی ڕەمەزاندا تووشی ئەم کارە بێت (پەنا بەخوا)، ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و بەپێی ڕای زۆربەی زانایان هەم قەزا و هەم کەفارەتیشی لەسەرە.

**١٢٢ - ڕۆژووشکاندن بە مەبەستی جووتبوون:** هەر کەسێک بە ئەنقەست بە خواردن یان خواردنەوە ڕۆژووەکەی بشکێنێت تەنها بۆ ئەوەی دواتر بتوانێت سەرجێیی بکات، ئەوا تاوانبارە و کەفارەتیشی لەسەر لا ناچێت؛ چونکە شەریعەت ڕێگە بەم جۆرە فێڵانە نادات.

**١٢٣- جووتبوون بە گومانی ئەوەی پێشتر ڕۆژووەکەی شکاوە:** ئەگەر کەسێک بە لەبیرچوونەوە شتێکی خوارد و وایزانی ڕۆژووەکەی

شکاوە و پاشان جووتبوونی ئەنجامدا، کەفارەتی لەسەر نییە، چونکە نەزانییەکەی وەک لەبیرچوونەوە وایە، بەڵام دەبێت ئەو ڕۆژە قەزا بکاتەوە.

### ١٢٤- دووبارەبوونەوەی جووتبوون (سەرجێیی):

**أ- ئەگەر لە یەک ڕۆژدا چەند جارێک بێت:** پێش ئەوەی کەفارەتی یەکەم بدات، تەنها یەک کەفارەتی لەسەرە.

**ب- ئەگەر لە یەک ڕۆژدا بێت و کەفارەتی یەکەمی دابێت:** دیسان تەنها یەک کەفارەتی لەسەرە، چونکە ئەو ڕۆژە هەر بە شکاو حیسابە.

**ج- ئەگەر لە دوو ڕۆژی جیاوازدا بێت و کەفارەتی یەکەمی دابێت:** دەبێت بۆ ڕۆژی دووەم کەفارەتێکی نوێ بدات.

**د- ئەگەر لە چەند ڕۆژێکی جیاوازدا بێت و کەفارەتی نەدابێت:** ڕای پەسەند ئەوەیە کە بەپێی ژمارەی ڕۆژەکان کەفارەتەکە زیاد دەکات، چونکە هەر ڕۆژە و عیبادەتێکی سەربەخۆیە.

**١٢٥- حوکمی کشانەوە لە کاتی بانگدا :** ئەگەر پیاوێک لە کاتی سەرجێییدا بوو و بانگی بەیانی درا یان کاتی فەجر هات، و یەکسەر کشایەوە و کۆتایی پێهێنا : حوکمەکەی وەک جووتبوون نییە و ڕۆژووەکەی دروستە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە ئەو لەگەڵ هاتنی کاتەکەدا لە کارەکەی وەستاوە و بەردەوام نەبووە.

**١٢٦- جووتبوون بە گومانی ئەوەی هێشتا فەجر نەهاتووە:** ئەگەر کەسێک سەرجێیی ئەنجامدا بەو گومانەی هێشتا شەو ماوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە

فەجر هاتبووە، بەپێی ڕای ڕاست و دروست ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە نەزانین (جهل) لەم بارەیەوە وەک لەبیرچوونەوە وایە و خودا لێی خۆش دەبێت. بەڵام پێویستە مرۆڤ وریای کات بێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زانینی کات زۆر ئاسانە.

### ١٢٧- جیماع لە شەودا و دەرچوونی مەنی دوای فەجر:

ئەگەر کەسێک لە شەودا سەرجێیی بکات و پێش بانگی بەیانی کۆتایی پێ بهێنێت (بکشێتەوە)، بەڵام دوای فەجر مەنی لێ بێتە خوارەوە، بە کۆدەنگی هەموو زانایان ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە تەنها دەرچوونی مەنی بەبێ کارەکتەری سەرەکی (کە جیماعە) لە کاتی ڕۆژوودا، ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە.

**١٢٨- بەردەوامبوون لە جیماع تا کاتی فەجر:** ئەگەر کەسێک لە شەودا دەستی پێکرد و کاتی فەجر هات بەڵام ئەو بەردەوام بوو، ڕۆژووەکەی فاسدە و هەم

قەزا و هەم کەفارەتیشی لەسەر واجبە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە لە کاتی ڕۆژوودا جیماعی ئەنجامداوە.

**تێبینی: جیماعی گەشتیار و ئافرەت دوای پاکبوونەوە:** ئەگەر گەشتیارێک (کە ڕۆژووی نەگرتووە) بگەڕێتەوە، یان ئافرەتێکی بێنوێژ لە ناوەڕاستی ڕۆژدا پاک ببێتەوە، بەپێی ڕای پەسەند واجب نییە تا ئێوارە خۆیان بگرنەوە، بۆیە ئەگەر لەو کاتەدا سەرجێیی بکەن، هیچ کەفارەتێکیان لەسەر نییە.

**١٢٩- دروستێتی ڕۆژوو بە لەشگرانییەوە:** ئەگەر کەسێک سەرجێیی بکات و پاشان غوسڵەکەی بکەوێتە دوای بانگی بەیانی، ڕۆژووەکەی دروستە. بە بەڵگەی فەرموودەی دایکی ئیمانداران ئوم سەلەمە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ بەهۆی

سەرجێییەوە بە لەشگرانییەوە دەگەیشتە بەیانی، پاشان غوسڵی دەردەکرد و بەڕۆژوو دەبوو[1] و قەزاشی نەدەکردەوە[2].

### ١٣٠- دەرهێنانی مەنی بۆ پشکنینی پزیشکی:

**باری یەکەم:** ئەگەر بە ڕێگەی نەشتەرگەری بێت، ڕۆژوو ناشکێنێت؛ چونکە نە ئارەزووی تێدایە و نە جوڵەی شەهوانی.

**باری دووەم:** ئەگەر بە ڕێگەی ئامێری تایبەت بێت کە دەبێتە هۆی دەرچوونی مەنی بە ئارەزوووەوە، ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت، چونکە حوکمی دەستپەڕی هەیە.

**١٣١- تێکردنی مەنی (پیتاندن) لە ئافرەتدا:** تێکردنی مەنی لە ڕەحمی ئافرەتدا بۆ مەبەستی چارەسەر و

(١) أخرجه البخاري (١٩٣١) ومسلم (١١٠٩).

(٢) أخرجه مسلم (١١٠٩).

پشکنین ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە ئەمە نە جیماعە و نە حوکمی جیماعی هەیە.

**١٣٢- حوکمی سیواک کردن:** بەکارهێنانی سیواک پێش نیوەڕۆ بە یەکدەنگی زانایان دروستە، هەروەها دوای نیوەڕۆش (عەسر) هەر دروستە و ڕای زۆربەی زانایان وایە؛ چونکە بەڵگەکان گشتین و هیچ ڕێگرییەکی ڕاست لەو بارەیەوە نەهاتووە.

**١٣٣- قوتدانی شوێنەواری سیواک:** قوتدانی ئەو کەمە تامی سیواکەی لە دەمدا دەمێنێتەوە ڕۆژوو ناشکێنێت.

**١٣٤- سیواکی بۆندار (تامدار):** ئەگەر سیواکەکە تامی هەبێت، تا ئەوکاتەی تەنها تەمەکەیەتی و لیکاوی دەمەکەت فڕێ دەدەیت ناشکێت، بەڵام ئەگەر تامەکەی قوت بدەیت ڕۆژوو دەشکێنێت. بەخاخی بۆنخۆشکەری دەمیش هەمان حوکمی هەیە.

**١٣٥- تامکردنی خواردن:** تامکردنی خواردن (بەبێ قوتدان) ئەگەر پێویست نەبێت مەکروهە، بەڵام ئەگەر بۆ پێویستی بێت (وەک چێشت لێنان) دروستە و کێشەی نییە.

**١٣٦- ماچکردن و دەستبازی:**

**أ- بەبێ ئارەزوو:** بە یەکدەنگی زانایان دروستە.

**ب- بە ئارەزووەوە کە ببێتە هۆی دەرچوونی مەنی:** بە یەکدەنگی زانایان حەرامە و ڕۆژوو دەشکێنێت.

**ج- بە ئارەزووەوە بەڵام دڵنیا بێت مەنی لێ دەرناچێت:** دروستە، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوە.[1]

---

[1] رواه مسلم (١١٠٦)

**١٣٧- مەرجەکانی شکانی ڕۆژوو:** بۆ ئەوەی بڵێین کەسێک ڕۆژووەکەی شکاوە، دەبێت ئەم سێ مەرجەی تێدابێت:

١. **زانین (العلم):** بزانێت کە ئەو شتە ڕۆژوو دەشکێنێت (نەزان نەبێت).

٢. **بەئاگابوون (الذکر):** لەبیری بێت کە بە ڕۆژووە (لەبیری نەچووبێت).

٣. **ویست و بژاردە (الاختیار):** بە ویستی خۆی بێت (ناچار نەکرابێت) .هەر کەسێک بە نەزانی، یان بە لەبیرچوونەوە، یان بە هەڵە و ناچاری شتێکی خوارد، ڕۆژووەکەی دروستە و بەتاڵ نابێتەوە.

**١٣٧- ئایا کەفارەتی گەورە (المغلظة) واجب دەبێت لەسەر کەسێک بە ئەنقەست بە شتێکی تر**

**بێجگە لە سەرجێیی ڕۆژووەکەی بشکێنێت؟** لەم بارەیەوە لە نێوان زانایاندا جیاوازی هەیە:

**ڕای یەکەم:** کەفارەتی لەسەر نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست نییە کە بیسەلمێنێت جگە لە جووتبوون شتی تر کەفارەتی هەبێت. ئەمە ڕای کۆمەڵێک لە تابیعین وزانایانە.

**ڕای دووەم:** کەفارەتی لەسەرە، بە قیاس کردن لەسەر جووتبوون؛ چونکە هەردووکیان بێڕێزیکردنن بە پیرۆزیی مانگی ڕەمەزان.

**ڕای پەسەند:** ڕای یەکەمە، چونکە لە بابەتی کەفارەتەکاندا "قیاس" کردن دروست نییە.

**١٣٩- زانین بە حەرامێتی جووتبوون و نەزانی بە کەفارەتەکەی:** ئەگەر کەسێک بزانێت کە سەرجێیی لە ڕۆژی ڕەمەزاندا حەرامە، بەڵام نەیزانیبێت کە

کەفارەتەکەی هێندە قورسە، ئەوا کەفارەتەکەی لەسەر لا ناچێت. پێوەر ئەوەیە کە حوکمی حەرامێتییەکەی بزانیت، نەک جۆری سزا و کەفارەتەکەی.

## ١٤٠- ئایا گوناه و سەرپێچی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە؟

**ڕای یەکەم:** ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵام پاداشتەکەی کەم دەکەنەوە. ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە بەڵگەیەک نییە بۆ بەتاڵبوونەوەی.

**ڕای دووەم:** ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە.

**ڕای پەسەند:** ڕای یەکەمە. یەکێک لە پێشینەکان (سەلەف) فەرموویەتی: «ئەگەر غەیبەت ڕۆژووی بشکاندایە، کەس پاداشتی ڕۆژووی بۆ نەدەما». خوایە ڕۆژوو و ئەندامانی جەستەمان بپارێزیت.

**١٤١- ئەگەر بە لەبیرچوونەوە شتێکی خوارد و بە هەڵە وایزانی ڕۆژووەکەی شکاوە، پاشان بە ئەنقەست نانی خوارد:** لێرەدا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دروست نییە؛ چونکە خواردنی دووەم جاری بە ئەنقەست و بە ویستی خۆی بووە.

**١٤٢- حوکمی ئەو کرێکارانەی کارەکەیان زۆر تاقەتپڕووکێنە و لەبەر زیان ڕۆژوو دەشکێنن:** ئەگەر بتوانێت مۆڵەت وەربگرێت، ئەوە باشترە. بەڵام ئەگەر ناچار بوو و هیچ ڕێگەیەکی تری نەبوو، زانایان فەرموویانە دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێت؛ بەهۆی بنەمای گشتیی "لادانی نارەحەتی" و "سەختی، ئاسانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت."

**١٤٣- ڕۆژووشکاندن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ:**

واجبە ڕۆژوو بشکێندرێت ئەگەر ڕزگارکردنی کەسێک

(وەک خنکان یان کارەسات) تەنها بەوە بکرێت؛ چونکە کارێکی واجب تەنها بەوە بکرێت، ئەوا خودی ئەو کارەش دەبێتە واجب. وەک کارمەندانی فریاگوزاری....

**١٤٤- بڕینی نییەتی ڕۆژوو لە فەرزدا:** ئەگەر کەسێک لە دڵیدا بڕیاری دا کە چیتر بە ڕۆژوو نییە (تەنانەت ئەگەر هیچیش نەخوات)، ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە؛ چونکە بەشێکی ڕۆژەکەی بەبێ نییەتی ڕۆژوو تێپەڕاندووە.

**١٤٥- بڕینی نییەت لە ڕۆژووی سوننەتدا:** ئەگەر کەسێک لە ڕۆژووی سوننەتدا نییەتی بڕی بەڵام هیچی نەخوارد و پاشان پەشیمان بووەوە و نییەتی هێنایەوە، ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە لە سوننەتدا مەرج نییە هەموو ڕۆژەکە نییەتت تێدا بێت.

**١٤٦- دوودڵی لە شکاندنی ڕۆژوو:** ئەگەر کەسێک دوودڵ بوو لەوەی بیبڕێت یان نا، بەڵام لە کۆتاییدا

هیچی نەخوارد و نەیشکاند، ڕۆژووەکەی دروستە و لەسەر نییەتە بنەڕەتییەکەی (ڕۆژوو) دەمێنێتەوە.

## ١٤٧- نییەتی خواردن و خواردنەوە بەبێ ئەنجامدانی:

ئەگەر کەسێک تەنها "نییەتی" هەبێت کە شتێک بخوات بەڵام ئەنجامی نەدات، ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە لە ڕاستیدا کارێکی ڕۆژووشکێنی ئەنجام نەداوە. بەڵام بێ عوزر دروست نییە ئەو بڕیارە بدات، چونکە بڕیاردانە لەسەر گوناه.

## ١٤٨- بینینی کەسێک کە بە لەبیرچوونەوە نان دەخوات:

**دەخوات:** هەر کەسێک ببینێت بە لەبیرچوونەوە شت دەخوات یان دەخواتەوە، واجبە وەبیری بهێنێتەوە؛ ئەمە دەچێتە خانەی هاوکاری لەسەر چاکە و پارێزکاری.

## ١٤٩- بەکارهێنانی حەب بۆ ڕێگری لە بێنوێژی (حیض):

**(حیض):** بۆ ئافرەت دروستە حەب بەکاربهێنێت بۆ

ئەوەی بێنوێژییەکەی دوابکەوێت و بتوانێت ڕۆژووەکانی بگرێت. بەڵام ئەگەر ئەو حەبانە ببنە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی و پچڕانی خوێن، نەیانخوات باشترە. ئافرەت لە کاتی بێنوێژیدا دەتوانێت زیکر و دوعا بکات و قورئانیش لە ڕێگەی مۆبایلەوە بخوێنێت بەبێ ئەوەی دەست لە پەڕەکانی بدات.

# چوارەم

# ڕۆژووگرتن لە سەفەردا

## ١٥٠- حوكمی ڕۆژووشكاندن بۆ گەشتیار (مسافر):

**(مسافر):** ئەم بابەتە چەند بارێكی هەیە:

**یەكەم:** ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات و كەسەكە لە گەشتدا بوو، بەبێ خیلاف دروستە ڕۆژوو نەگرێت.

**دووەم:** ئەگەر لە شەودا گەشتەكەی دەست پێكرد و گەشتەكەی بەردەوام بوو تا ڕۆژ بووەوە، بە ڕای زۆربەی زانایان دروستە ڕۆژوو نەگرێت.

**سێیەم:** ئەگەر پێش بانگی بەیانی لە شارەكەی خۆی دەرچوو و نییەتی ڕۆژووی هەبوو، پاشان لە كاتی گەشتەكەدا ویستی ڕۆژووەكەی بشكێنێت: ڕای پەسەند ئەوەیە كە بۆی دروستە؛ چونكە ئەو گەشتیارە و مۆڵەتی شەریعەت بۆ گەشتیار ڕەهایە.

**بەڵگە:** فەرموودەی جابری كوڕی عەبدوڵڵا (ڕەزای خوایان لێبێت) كە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی

فەتحی مەککەدا لە ڕەمەزاندا دەرچوو و بە ڕۆژوو بوو تا گەیشتە شوێنێک بە ناوی (کراع الغمیم)، خەڵکەکەش بە ڕۆژوو بوون، پاشان داوای قاپێک ئاوی کرد و بەرزی کردەوە تا خەڵکەکە بیبینن و خواردییەوە. کاتێک پێیان گوت هەندێک کەس هێشتا بە ڕۆژوون، فەرمووی: ئەوانە سەرپێچیکارن، ئەوانە سەرپێچیکارن

**١٥١- کامەیان باشترە بۆ گەشتیار: ڕۆژووگرتن یان ڕۆژووشکاندن؟** لەم بارەیەوە چوار ڕا هەیە:

١. **ڕۆژووشکاندن باشترە:** چونکە وەرگرتنی مۆڵەت و ڕوخسەتی خوایە. (ئەمە ڕای پەسەندە).

٢. **ڕۆژووگرتن باشترە:** ڕای زۆربەی زانایانە.

٣. **هەرکامیان ئاسانتر بێت بۆی:** ئەوەیان باشترە.

٤. **سەرپشکە:** هەردووکیان وەک یەکن.

**بەڵگە:** فەرموودەی حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمی کە دەفەرمویّت: ئەی پیّغەمبەری خوا ﷺ من هیّزم تیّدایە لە سەفەردا بە ڕۆژوو بم، ئایا گوناهم دەگات؟ فەرمووی: ئەوە ڕوخسەتیّکی خودایە، هەرکەس وەری بگریّت چاکە، هەرکەسیش حەز بکات بە ڕۆژوو بیّت گوناهی ناگات.[1]

**١٥٢- باشتر وایە گەشتیار ڕۆژووی (عاشوورا و عەرەفە) بگریّت:** هەندیّک لە زانایان وەک ئیبن عەباس و زوهری فەرموویانە: گەشتیار باشترە ڕۆژووی عەرەفە و عاشوورا بگریّت؛ چونکە ئەمانە ڕۆژانیّکن ئەگەر تیّپەڕن قەزا ناکریّنەوە، بە پیّچەوانەی ڕەمەزان کە ڕۆژانی تری بۆ قەزاکردنەوە لەبەردەمدایە.[2]

---

(١) أخرجه مسلم (١١٢١).

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (٩٣٣٨).

**١٥٣- مەرجی جۆری سەفەر بۆ ڕۆژووشکاندن:** هەر گەشتێک کە مرۆڤ تێیدا بە "گەشتیار" هەژمار بکرێت، دروستە ڕۆژووی تێدا بشکێنێت، تەنانەت ئەگەر گەشتەکە بۆ گەڕان و سەیران، یان ڕاوکردن، یان هەر مەبەستێکی تریش بێت؛ چونکە حوکمەکە پەیوەستە بە خودی "سەفەر"ەوە.

**١٥٤- شۆفێری شەمەندەفەر، بارهەڵگر، فڕۆکەوان و دەریاوانەکان:** ئەم کەسانە دوو باریان هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر شار و وڵاتێکی دیاریکراویان هەبێت کە تێیدا نیشتەجێ بن و بۆی بگەڕێنەوە، ئەوا لە کاتی گەشتەکانیاندا بۆیان دروستە ڕۆژوو بشکێنن.

**دووەم:** ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی جێگیریان نەبێت و بەردەوام ماڵ و منداڵ و پێداویستییەکانیان لەگەڵ بێت لە ناو ئامرازەکانی گواستنەوەدا، ئەوا بە گەشتیار

ئەژمار ناکرێن و بۆیان نییە ڕۆژوو بشکێنن یان نوێژ کورت بکەنەوە؛ چونکە ئامرازی گواستنەوەکەیان بووەتە نیشتیمانیان.

## ١٥٥- گەشتکردن بە مەبەستی ڕۆژووشکاندن:

هەر کەسێک تەنها بۆ ئەوەی بیانووی هەبێت بۆ ڕۆژووشکاندن گەشت بکات، گەشتەکەی حەرامە و بۆی نییە سوود لە مۆڵەتەکانی گەشتیار وەربگرێت؛ چونکە ئەمە فێڵکردنە لە سنوورەکانی خودا و پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تَرتكِبوا ما ارتكبَ اليهودُ فتَستحلِوا محارمَ اللهِ بأدْنى الحيلِ)[١] ئەو کارە مەکەن کە جوولەکان کردیان، تا بە کەمترین فێڵ حەرامکراوەکانی خودا بۆ خۆتان حەڵاڵ بکەن.

[١] جزء إبطال الحيل لابن بطة (ص٤٦) وجوّد إسناده ابن كثير، انظر التفسير (٣/٤٩٣)

**١٥٦- جووتبوون پێش گەشت:** ئەگەر کەسێک لە ناو شارەکەی خۆیدا (بە موقیم) سەرجێیی بکات و پاشان گەشت بکات، کەفارەتەکەی لەسەر ساقیت نابێت؛ چونکە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا گەشتیار نەبووە و ئەوەی کردوویەتی حەرام بووە.

**١٥٧- گەڕانەوەی گەشتیار بۆ شارەکەی:** گەشتیارێک ئەگەر بە ڕۆژوو بێت و لە ناو ڕۆژدا بگاتەوە ناو شارەکەی خۆی، بۆی نییە ڕۆژووەکەی بشکێنێت؛ چونکە مۆڵەتی گەشتیارییەکەی بە گەیشتنەوەی بۆ ناو شار کۆتایی هاتووە.

**١٥٨- زانین بە گەڕانەوە:** ئەگەر کەسێک گەشت بکات و بزانێت کە هەر لەو ڕۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، بۆی هەیە (دروستە بۆی) کە بە ڕۆژوو نەبێت، چونکە لەو کاتەدا بە گەشتیار ئەژمار دەکرێت.

**١٥٩- ڕۆژووگرتن لە ناو فڕۆکەدا:** هەر کەسێک لە کاتی ڕۆژدا سواری فڕۆکە بێت و بیەوێت ڕۆژوو بگرێت، نابێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت (بەربانگ بکات تاوەکو ئەو کاتەی خۆر لەو ئاسمانەی تێیدایە ئاوا دەبێت. تەنانەت ئەگەر چەند خولەکێک پێش ئاوابوونی خۆر لەسەر زەوی سواری فڕۆکە بوو، و بەهۆی فڕینی فڕۆکەکە ڕۆژ درێژ بووەوە و خۆر دەرکەوتەوە، نابێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت تا ئەو کاتەی لە ئاسماندا خۆر ئاوا دەبێت.

**١٦٠- تێپەڕین بە ئاسمانی وڵاتێکی تر:** ئەگەر بەسەر ئاسمانی وڵاتێکدا تێپەڕیت کە خەڵکەکەی بەربانگیان کردووە، بەڵام تۆ لە ئاسمانەوە هێشتا خۆر دەبینیت، بۆت نییە بەربانگ بکەیت. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە وڵاتێک نیشتیتەوە کە خۆر ئاوا بووە، دەتوانیت بەربانگ بکەیت.

## ١٦١- تێکچوونی گەشت دوای ڕۆژووشکاندن:

ئەگەر کەسێک لە شارەکەی دەرچوو و بەربانگی کرد، پاشان فڕۆکەکەی دواکەوت یان گەشتەکەی هەڵوەشایەوە و نەیتوانی بڕوات، ڕۆژووشکاندنەکەی دروست بووە و پێویست ناکات تا ئێوارە خۆی بگرێتەوە، بەڵام دەبێت دواتر قەزای بکاتەوە.

## ١٦٢- کەی گەشتیار دەتوانێت بەربانگ بکات؟

گەشتیار نابێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت تا بە تەواوی لە ئاوەدانی و خانووەکانی شارەکەی دەرنەچێت؛ ئەمە ڕای کۆدەنگی (ئیجماع)ی زۆربەی زانایانە.

**١٦٣- جووتبوونی گەشتیار:** بۆ گەشتیار دروستە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی سەرجێیی بکات (ئەگەر هەردووکیان گەشتیار بن و بە ڕۆژوو نەبن)؛ چونکە بۆ گەشتیار ڕۆژووشکاندن ڕێگەپێدراوە، چ بە خواردن بێت یان بە جووتبوون.

**١٦٤- گەڕانەوەی گەشتیارێک کە بە ڕۆژوو نییە:** ئەگەر گەشتیارێک بەربانگی کردبێت و لە ناو ڕۆژدا بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی، بەپێی ڕای پەسەند واجب نییە تا ئێوارە خۆی بگرێتەوە؛ چونکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە نییە و سوودێکیشی نییە کاتێک ڕۆژووەکەی شکاوە.

**١٦٥- گرتنی ڕۆژووی تر لە سەفەردا:** بۆ گەشتیار دروست نییە لە ناو مانگی ڕەمەزاندا نییەتی ڕۆژوویەکی تر بهێنێت (وەک قەزا یان کەفارەت یان سوننەت)؛ چونکە ئەگەر مۆڵەتی گەشتیاری وەرنەگرێت، ئەوا دەبێت تەنها ڕۆژووی فەرزی کاتەکە (کە ڕەمەزانە) بگرێت.

**١٦٦- جیاوازی بینینی مانگی سەرەتا و کۆتایی ڕەمەزان لە نێوان وڵاتاندا:** ئەم بابەتە حەوت باری جیاوازی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر کەسێک لە کۆتایی شەعباندا لە وڵاتێک بێت کە هێشتا مانگیان نەبینیوە، پاشان بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و ئەوان مانگیان بینیبێت و بەیانی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانیان بێت، ئەوا پێویستە لەگەڵ ئەواندا دەست بە ڕۆژوو بکات.

**دووەم:** ئەگەر پێش جەژن لە وڵاتێکەوە گەشت بکات کە لەگەڵیاندا بە ڕۆژوو بووە، پاشان بگاتە وڵاتەکەی خۆی و ببینێت ئەوان هێشتا بە ڕۆژوون (مانگی جەژنیان نەبینیوە)، لێرەدا خیلاف هەیە:

**ڕای یەکەم:** دەبێت لەگەڵ ئەواندا بەردەوام بێت لە ڕۆژووگرتن تا ئەوان جەژن دەکەن، تەنانەت ئەگەر ڕۆژووەکانی لە ٣٠ ڕۆژیش زیاتر بێت.

**ڕای دووەم:** ئەگەر ڕۆژووەکانی گەیشتە ٣٠ ڕۆژ، دەتوانێت بە نهێنی بەربانگ بکات. (ئەمەیان نزیکترە لە ڕاستییەوە).

**سێیەم:** ئەگەر لە وڵاتێکەوە گەشت بکات کە مانگی شەوالیان (جەژن) بینیوە، پاشان بگاتە وڵاتێک کە هێشتا مانگیان نەبینیوە:

**ڕای پەسەند:** بۆی دروست نییە بە ڕۆژوو بێت، چونکە بۆ ئەو ڕەمەزان کۆتایی هاتووە و مانگی ڕەمەزان یان ٢٩ ڕۆژە یان ٣٠، زیادکردن بەسەر ئەوەدا دروست نییە. بۆیە دەبێت بە نهێنی بەربانگ بکات.

**چوارەم:** ئەگەر لە وڵاتێکەوە گەشت بکات کە هێشتا بە ڕۆژوون و بگاتە وڵاتێک کە جەژنیان کردووە:

دەبێت لەگەڵ ئەواندا جەژن بکات و واز لە ڕۆژوو بهێنێت، تەنانەت ئەگەر ڕۆژووەکانی کەمتر بێت لە ٢٩ ڕۆژ؛ بەڵام لەم بارەدا دەبێت دواتر ڕۆژێک قەزا بکاتەوە، چونکە مانگی شەرعی لە ٢٩ ڕۆژ کەمتر نابێت.

**پێنجەم:** ئەگەر لە وڵاتێک ٢٩ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوو و لەگەڵیاندا جەژنی کرد، پاشان گەشتی کرد بۆ وڵاتەکەی خۆی:

**أ-** ئەگەر وڵاتەکەی خۆشی هەر ٢٩ ڕۆژ بووبن، ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوە.

**ب-** ئەگەر وڵاتەکەی خۆی ٣٠ ڕۆژ بووبن، هەر ئەو ٢٩ ڕۆژەی بۆ حیساب دەکرێت و پێویست بە قەزا ناکات.

**ج-** ئەگەر هەردوو وڵات ٣٠ ڕۆژ بووبن بەڵام ئەو تەنها ٢٩ ڕۆژی گرتبێت (بەهۆی جیاوازی دەستپێکردن)، ڕای پارێزراوتر (أحوط) ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە قەزا بکاتەوە.

**شەشەم:** ئەگەر خەڵکی وڵاتەکەی دەستیان بە ڕۆژوو کرد و ئەو لە یەکەم ڕۆژدا گەشتی کرد بۆ وڵاتێک کە هێشتا دەستیان پێ نەکردبوو و لەوێ جێگیر بوو:

**أ-** ئەگەر لەگەڵ ئەواندا جەژنی کرد و کۆی ڕۆژووەکانی بووە ٢٩ ڕۆژ، دەبێت یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان کە لە کیس چووە قەزا بکاتەوە.

**ب-** ئەگەر کۆی ڕۆژووەکانی بووە ٣٠ ڕۆژ، هێشتا ڕای پارێزراوتر ئەوەیە ئەو یەکەم ڕۆژە قەزا

بکاتەوە چونکە لە کاتی گەشتەکەیدا لەسەری واجب بووە.

**١٦٧- ئایا دروستە ڕۆژی سییەمی ڕەمەزان بکرێتە قەزا؟** بۆ گەشتیار و نەخۆش دروست نییە لە ناو مانگی ڕەمەزاندا نییەتی ڕۆژوویەکی تر (وەک قەزا) بهێنن؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە کاتی ڕەمەزان تەنها بۆ فەرزی ئەو کاتەیە و جێگەی عیبادەتێکی تری تێدا نابێتەوە .

**بارێکی تری گەشتیار:** ئەگەر کەسێک لە وڵاتێک بێت کە هێشتا مانگیان نەبینیوە و ئەو ڕۆژە لای ئەوان ڕۆژی ٣٠ی ڕەمەزان بێت و ئەویش بەربانگی کردبێت، پاشان بگاتە وڵاتێک کە جەژنیان کردووە، ئەوا پێویستە ئەو ڕۆژە قەزا بکاتەوە چونکە لە گەردنیدا ماوە.

# پێنجەم

## حوکمەکانی قەزاکردنەوە

## و ڕۆژووی سوننەت

**١٦٨- پەلەکردن لە قەزاکردنەوە:** سوننەتە مرۆڤ پەلە بکات لە قەزاکردنەوەی ڕۆژووەکانی ڕەمەزان، و باشتر وایە بێ هۆکار دوا نەخرێت؛ چونکە مرۆڤ نازانێت کەی ئەجەلی دێت یان چی بەسەر دێت.

**١٦٩- کاتی قەزاکردنەوە:** پێویستە ڕۆژووەکان پێش هاتنی ڕەمەزانی داهاتوو قەزا بکرێنەوە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە و ڕای پارێزراوترە، چونکە دایکە عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) قەزاکانی لەوە زیاتر دوا نەدەخست.

**١٧٠- بەدوای یەکدا بوون لە قەزادا:** لە کاتی قەزاکردنەوەدا مەرج نییە ڕۆژەکان بەدوای یەکدا بن، بەڵکو دروستە بە جیاجیا بگیرێنەوە؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایان و چوار مەزهەبەکەیە، بە بەڵگەی ئایەتی: (فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ).

## ١٧١- دواخستنی قەزا تا ڕەمەزانێکی تر دێتەوە:

**یەکەم:** ئەگەر بەهۆی عوزرەوە دوا کەوتووە، تەنها قەزای لەسەرە و فیدیەی ناوێت.

**دووەم:** ئەگەر بێ عوزر دوای خستبێت، زۆربەی زانایان دەڵێن جگە لە قەزاکە، دەبێت بۆ هەر ڕۆژێک خواردنیش بدات بە هەژارێک (فیدیە).

## ١٧٢- دووبارەبوونەوەی کەفارەت بەهۆی دواخستن:

ئەگەر کەسێک قەزاکەی چەند ساڵ دوا بخات، کەفارەتەکەی (خواردنپێدانەکە – فیدیەکە) زیاد ناکات و تەنها یەکجار دەدرێت؛ ئەمە ڕای پەسەندی زۆربەی زانایانە.

**١٧٣- بڕی خواردنی فیدیە:** حوکمەکانی بڕی ئەو خواردنەی لێرەدا دەدرێت، وەک ئەو حوکمانەیە کە پێشتر لە فیدیەی پەککەوتەدا باسمان کرد.

**١٧٤- ڕۆژووشكاندنی بە ئەنقەست بێ عوزر:** هەر كەسێک بە ئەنقەست و بێ عوزر لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو بشكێنێت، دەبێت تەوبەیەكی ڕاستەقینە بكات و قەزاش بكاتەوە؛ ئەمە ڕای چوار مەزهەبەكەیە.

**١٧٥- ڕۆژووشكاندن لە كاتی گرتنەوەی قەزادا:**

ئەگەر كەسێک لە ڕۆژوویەكی قەزادا بێت و عوزرێكی بۆ بێتە پێش، دەتوانێت ڕۆژووەكەی بشكێنێت. بەڵام بێ عوزر باشتر وایە نەیشكێنێت بۆ ئەوەی لە خیلاف دوور بكەوێتەوە، چونكە زۆربەی زانایان لایان وایە شكاندنی بێ عوزر دروست نییە.

**١٧٦- حوكمی شكاندنی ڕۆژووی قەزا:** ئەگەر كەسێک ڕۆژوویەكی قەزای شكاند، تەنها قەزای ئەو ڕۆژەی لەسەرە و پێویست بە قەزای دوو ڕۆژ ناكات.

**١٧٧- ڕۆژووی سوننەت پێش قەزاکردنەوە:** دروستە مرۆڤ ڕۆژووی سوننەت بگرێت پێش ئەوەی قەزاکانی ڕەمەزانی گرتبێتەوە؛ چونکە کاتی قەزاکردنەوەکە فراوانە (تا ڕەمەزانی داهاتوو).

**١٧٨- ڕۆژووگرتن لە ڕۆژانی جەژنی قوربان (ئەیامی تەشریق):**

**یەکەم:** بۆ ئەو حاجییانەی کە قوربانییان (هەدی) دەست ناکەوێت، دروستە لەو سێ ڕۆژەدا بە ڕۆژوو بن.

**دووەم:** بۆ جگە لە حاجی، بە هیچ شێوەیەک (نە فەرز و نە سوننەت) دروست نییە لەو سێ ڕۆژەدا بە ڕۆژوو بێت، چونکە ڕێگری لێ کراوە.

**١٧٩- ڕۆژووگرتنی ڕۆژە سپییەکان (أيام البيض):** بۆ حاجی و بێجگە لە حاجی دروستە ڕۆژی (١٤ و ١٥)ی

مانگی زیلحەججە بگرن وەک ڕۆژانی سپی، هەروەها ڕۆژی ١٦ و دواتریش بگرن تاوەکو سوننەتی سێ ڕۆژەکەی هەموو مانگێکیان بۆ حیساب بکرێت.

**١٨٠- قەزاکردنەوەی ڕەمەزان لە ڕۆژی هەینی و شەممەدا:** دروستە قەزای ڕەمەزان لە ڕۆژانی هەینی و شەممەدا بگیردرێتەوە؛ ئەمە مەزهەبی چوار ئیمامەکەیە، چونکە مەبەست لێی تەرخانکردنی ئەو ڕۆژانە نییە بۆ عیبادەتێکی تایبەت، بەڵکو تەنها قەزایە. سەبارەت بەو فەرموودەیەی کە ڕێگری لە ڕۆژووی شەممە دەکات، فەرموودەیەکی لاوازە.

**١٨١- حوکمی ئەو کەسەی دەمرێت و ڕۆژووی لەسەرماوە:** ئەم بابەتە چەند بارێکی هەیە:

**یەکەم:** ئەگەر نەخۆشییەکەی درێژخایەن بووبێت و هیوای چاکبوونەوەی لێ نەکرابێت و

فیدیەشی نەدابێت، ئەوا دەبێت میراتگرانی لەماڵی مردووەکە خواردن بدەن بە هەژاران، یان وەک خێر لە جیاتی ئەو بیدەن.

**دووەم:** ئەگەر نەخۆشییەکەی لەو جۆرە بووبێت کە هیوای چاکبوونەوەی لێ کراوە، بەڵام نەخۆشییەکەی بەردەوام بووبێت تا مردنی و دەرفەتی گرتنەوەی نەبووبێت، لێرەدا هیچ شتێک لەسەر ئەو و میراتگرانی نییە؛ چونکە عوزری هەبووە و کەمتەرخەمی نەکردووە.

**سێیەم:** ئەگەر عوزرەکەی نەمابێت و لەبەر تەمەڵی قەزاکەی نەگرتبێتەوە تا مردووە، دەبێت لە ماڵی مردووەکە فیدیەی بۆ بدرێت؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە، چونکە ئەمە قەرزێکە لە ئەستۆی مردووەکەدا، هەندێک لە زانایانیش دەڵێن دروستە لە جیاتی ئەو ڕۆژووەکە بگیردرێتەوە.

**چوارەم:** ئەگەر لە ناو مانگی ڕەمەزاندا و بێ ئەوەی نەخۆش بێت بمرێت، هیچ شتێک لەسەر ئەو و میراتگرانی نییە بۆ ئەو ڕۆژانەی ڕەمەزان کە ماونەتەوە، چونکە هێشتا کاتەکەی نەهاتووە تا لەسەری واجب بێت.

## ١٨٢- ئایا میراتگران دەتوانن چەند ڕۆژێکی قەزا لە یەک ڕۆژدا بگرنەوە؟

**باری یەکەم:** ئەگەر ڕۆژووەکە مەرجی "بەدوای یەکدا بوون"ی تێدا نەبێت (وەک قەزای ڕەمەزان)، دروستە چەند کەسێک لە میراتگرانی لە یەک ڕۆژدا لە جیاتی مردووەکە ڕۆژووەکان بگرنەوە.

**باری دووەم:** ئەگەر ڕۆژووەکە مەرجی "بەدوای یەکدا بوون"ی تێدا بێت (وەک کەفارەتی کوشتن یان سەرجێیی ڕەمەزان)، پێویستە یەک کەس لە ئەستۆی

بگرێت و بەدوای یەکدا بیگرێت، هەندێکیش دەڵێن دەکرێت چەند کەسێک بەشدار بن، بەڵام ڕای یەکەم دڵنیاترە.

### ١٨٣- تێکەڵکردنی نییەت لە ڕۆژوودا:

**أ- تێکەڵکردنی دوو واجب:** وەک نییەتی ڕەمەزان و کەفارەت بەیەکەوە؛ ئەمە بە هیچ شێوەیەک دروست نییە.

### ب- تێکەڵکردنی واجب و سوننەت:

**یەکەم:** ئەگەر یەکێکیان بەستراوە بێت بەوەی تریانەوە (وەک شەشەڵان و قەزای ڕەمەزان)، دروست نییە بەیەک نییەت بگیرێن؛ چونکە پاداشتی شەشەڵان بەستراوەتەوە بە تەواوکردنی ڕەمەزان (بە قەزاکانیشەوە).

**دووەم:** ئەگەر جیاواز بن: بۆ سوننەتی گشتی (وەک دووشەممە و پێنجشەممە) لەگەڵ قەزا دروستە و پاداشتی هەردووکیان وەردەگرێت. بەڵام بۆ سوننەتی دیاریکراو (وەک عەرەفە و عاشوورا) لەگەڵ قەزا، ئەحوەت و باشتر ئەوەیە نییەتی هەردووکیان نەهێنرێت و هەر یەکێکیان بە سەربەخۆ ئەنجام بدرێت، چونکە هەر یەکەیان عیبادەتێکی سەربەخۆن.

### ج- تێکەڵکردنی دوو سوننەت:

سوننەتە گشتییەکان (وەک دووشەممە و سێ ڕۆژی مانگ) دەکرێت نییەتەکانیان تێکەڵ بکرێت. بەڵام سوننەتە دیاریکراوەکان (وەک شەشەڵان و ڕۆژانی سپی) باشترە جیا بکرێنەوە، هەرچەندە هەندێک زانا ڕێگەیان پێ داوە.

**١٨٤- ڕۆژووی شەش ڕۆژی شەوال (شەشەڵان):** گرتنی ئەم شەش ڕۆژە سوننەتێکی پڕ پاداشتە. ڕای پەسەند ئەوەیە کە دەبێت سەرەتا قەزاکانی ڕەمەزان بگیردرێنەوە و پاشان شەشەڵانەکە بگیرێت، چونکە لە فەرموودەکەدا هاتووە: «هەر کەسێک ڕەمەزان بگرێت و پاشان شەش ڕۆژی شەوالی بەدوادا بهێنێت...»، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت سەرەتا ڕەمەزان تەواو بووبێت. هەروەها ئەم ڕۆژووە تەنها لە مانگی شەوالدا دەگیرێت و لە مانگەکانی تردا قەزا ناکرێتەوە مەگەر عوزرێکی شەرعی هەبێت.

**١٨٥- ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە:** ئەم ڕۆژووە دوو باری هەیە:

**یەکەم** :بۆ کەسێک کە لە حەج نییە؛ بە کۆدەنگی زانایان (اتفاقا) سوننەتە، فەزڵ و گەورەییەکەشی لەوە بەناوبانگترە کە لێرەدا باس بکرێت.

**دووەم** :بۆ کەسی حاجی؛ ڕۆژوو ناگرێت، ئەمەش مەزهەبی زۆربەی زانایانە (جمهور الفقهاء)، بۆ ئەوەی بپەرچێتە سەر پەرستشەکانی وەک دوعا و زیکرکردن.

**بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە:** ئەگەر ڕۆژووەکە بێهێزی نەکات و ڕێگری نەبێت لە عیبادەتەکانی عەرەفە، بۆی دروستە بیگرێت، چونکە لە چەندین هاوەڵەوە وارید بووە (وەک عائیشە و عوسمانی کوڕی ئەبی عاس) و ئەو فەرموودانەشی کە ڕێگری لێ دەکەن ڕاست نین.

**١٨٦- ڕۆژووی عاشوورا و شەعبان:** سوننەتە مرۆڤ ڕۆژی عاشوورا (١٠ی موحەرەم) بە ڕۆژوو بێت، تەنانەت ئەگەر بکەوێتە ڕۆژی شەممەشەوە. هەروەها

سوننەتە ڕۆژی نۆهەمیشی لەگەڵدا بگرێت. باشترین ڕۆژوو دوای ڕەمەزان، مانگی موحەرەمە. هەروەها سوننەتە لە مانگی شەعباندا زۆر بە ڕۆژوو بیت، چونکە پێغەمبەر ﷺ وای کردووە.

**١٨٧- ڕۆژووی بەکۆمەڵ بۆ لادانی بەڵا:** ڕۆژووگرتنی بەکۆمەڵ بە مەبەستی لادانی ناخۆشی لەسەر ئوممەت یان کەسێک، کارێکی شەرعی نییە و لە هاوەڵانەوە نەهاتووە؛ چونکە بنەڕەت لە عیبادەتدا ئەوەیە کە دەبێت بەڵگەی شەرعی لەسەر بێت (توقيفي).

# شەشەم

## زەکاتی سەرفترە

**١٨٨- جۆری زەکاتی سەرفترە:** پێویستە زەکاتی سەرفترە بە "صاع"ێک لە خواردنی باوی وڵات (وەک برنج و گەنم) بدرێت؛ ئەمە ڕای زۆربەی زانایانە و فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ. هەندێک زانا وتوویانە بە پارەش دروستە، بەڵام ڕای یەکەم ڕاستترە.

**١٨٩- کاتی دەرکردنی سەرفترە:** سوننەتە یەک یان دوو ڕۆژ پێش نوێژی جەژن دەربکرێت، وەک هاوەڵان کردوویانە. کاتی فەرزەکەشی بە کۆتایی هاتنی نوێژی جەژن تەواو دەبێت؛ هەر کەسێک پێش نوێژ بیدات ئەوە سەرفترەیەکی وەرگیراوە، بەڵام دوای نوێژ تەنها وەک خێر (صەدەقە) هەژمار دەکرێت.

**١٩٠- دواخستنی سەرفترە:** ئەگەر کەسێک بێ عوزر دوا بکەوێت لە نوێژی جەژن، تاوانبار دەبێت و دەبێت تەوبە

بکات، بەڵام هەر دەبێت بیدات. ئەگەر بەهۆی عوزرێکەوە بوو، ئەوا تاوانبار نابێت.

**١٩١- زەکاتی سەرفترەی گەشتیار:** ئەگەر کەسێک لە کاتی سەرفترەدا لە گەشتدا بوو، باشتر وایە لەو شوێنەی لێیەتی دەری بکات، بەڵام ئەگەر کەسێکیش ڕاسپێرێت (وەکیل بکات) لە وڵاتەکەی خۆی بۆی دەربکەن، دروستە.

**١٩٢- سەرفترەی خێزان بۆ گەشتیار:** ئەگەر پیاوێک لە گەشتدا بوو و خێزانەکەی لە وڵاتەکەی خۆیان بوون، دەتوانێت لەو شوێنەی لێیەتی لە جیاتی ئەوانیش دەربکات چونکە ئەوان سەر بەون، هەروەها ئەگەر ئەوانیش لە وڵاتەکەی خۆیان لە جیاتی خۆیان دەری بکەن، هەر دروستە.

## نزا و کۆتایی:

خوایە، تەوفیقمان بدە بۆ باشترین ڕۆژووگرتن و شەونخوونی، و بێبەشمان مەکە لە فەزڵ و بەرەکەتی ئەم مانگە. پەروەردگارا، دڵەکانمان پاک بکەرەوە، و ڕۆژوو و ئەندامانی جەستەمان بپارێزە. هیدایەت بدە بە نەفسمان و نەوە و هاوسەرەکانمان، و تا کاتی مردن لەسەر دینەکەت جێگیرمان بکە. لە هەموو شەڕ و فیتنەیەک بمانپارێزە، و سەرکەوتن و سەربەرزی بە نسیبی موسڵمانان بکە لە هەموو شوێنێکی ئەم سەر زەوییە. ئامین.

## لە کۆتاییدا دەڵێم:

قدّمتُ زاداً للأحبة كلِّهم    في شأنِ صومِ الفرضِ للديانِ

فامنن علينا يا إلهي كلّنا    بالجنةِ الحسناءِ والرضوانِ

***

صلّوا على المبعُوث فينا رحمة    تُكتب لكُم عشراً لدى الرحمن

صلّى عليك اللهُ يا خيرَ الورى    ما ضجّت الآفاقُ بالآذان.

***

هذا تمامُ ما أردتُ نثرَه    والحمدُ لله الذي أَتمه

أحمدُه على جميعِ النّعم    حمداً عظيماً للدوام ينتمي

نوسینی / فهد بن يحيى العماري

٢٦/ ٦ / ١٤٤٣هـ

# إصدرات المؤلف

سباق الدعاة إلى مواكب الحجيج .

معاناة شاب .

المختصر في أحكام السفر.

زاد المسافر ونوازله الفقهية.

التحفة في أحكام العمرة والمسجد الحرام .

زاد المعتمر .

بغية المشتاق في أحكام جلسة الإشراق .

زاد جلسة الإشراق .

الابتعاث آمال وآلام وأحكام .

خالص الجمان في اغتنام رمضان

في العيد ملل فما الخلل ؟.

همسات لزائرة البيت الحرام .

أعياد غير المسلمين حوار علمي

سلوة الفؤاد في آداب وأحكام الإحداد .

زاد المرأة المحدة ونوازله الفقهية.

الإجابة الواضحة في حكم تكرار الفاتحة .

إمتاع النظر بأحكام الجمع في المطر .

جزء في بعض أحكام نزلاء الفنادق .

جزء في أحكام سجود السهو.

الوجازة في أحكام صلاة الجنازة .

سفير العلم والدعوة .

التزود بأحكام التشهد .

التحبير بأحكام التكبير .

إنباء الأنام بأحكام تحية الإسلام .

أسنى المراتب في أحكم السنن الرواتب .

أحكام تلاوة القرآن في الصلاة .

أحكام الصلاة أداء وقضاء .

الإنارة في أحكام الاستخارة .

التجلية في أحكام الأضحية .

فوح العطر في أحكام زكاة الفكر .

الإيضاح الجلي في أحكام زكاة الحلي .

نوازل العمرة في ظل جائحة كورونا .

حكم الصلاة مع الإخلال بالاتصال والصفوف .

جزء في أحكام المسح على الحوائل .

إتحاف النبيل بأحكام التمثيل .

البدور في أحكام الأيمان والنذور .

الدرة في أحكام السترة .

الدر المرصوف في أحكام صلاة الكسوف .

زاد المؤذن .

أحكام تلاوة القرآن في الصلاة .

الإبانة في أحكام سجود التلاوة .

أحكام قراءة سورة الكهف .

الكافي في أحكام الصلاة على الكراسي.

أحكام الذكر .

التواضع العلمي.